كوكرنەوە و
كورتكردنەوەي نويز
نووسيني
سعد عبدالله

پوختەیەك لە
كورتكردنەوە و كۆكردنەوەی
نوێژ

نوسینی/ سعد عبدالله
پێداچونەوەی/ باوكی عمار

پێشەکی

بسم الله والحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن واله وبعد:

لەبەر پتەوبون وبەهێزی ریزی موسلمانان ونیەتی ئامۆژگاری کردنیان وزیاتر دور کەوتنەوەیان لەدەمەدەمێو قاڵ بون لەبابەتەکاندا بەگشتی ولەم باسەشدا بەتایبەتی ، وەهەروەها لەبەر یەکبونی تێگەیشتنمان وڕۆشتنمان لەسەر یەك پەیڕەو . ئەم باسەم هەڵبژاردو بە پشتیوانی خوای گەورە دەستم دایە نوسینی ، بەڵکو خوای گەورە لەو کۆمەڵەمان بژمێرێت کەخۆشی ئەوێن وکوشتار دەکەن وپاشان ڕیزەکانیان پتەو و قایمە:﴿ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَانٌ مَّرْصُوصٌ ﴾ الصف 4

پێویستە ئاگاداریش بین دەست پێ کردنی گومڕایی لەدەمە دەمێ و(جدال)ەوە سەر هەڵدەدا. وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (ماأوتي قوم الجدل بعد هدي كانوا عليه إلا ضلوا) رواه أحمد 25/5. واتە :هیچ قەومێك (جدال) یان تێ ناکەوێ .دوای ڕێنموێنیەك کەلەسەری بون (واتە ناکۆك نەبون) بەتەئکید گومڕا دەبن ، بۆیە کاتێ هاوەڵەکانی پێغەمبەر ﷺ دەنگیان لەسەر ئایەتێك لە ئایەتەکانی قورئان بەرزکردەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموی : (مهلا يا قوم بهذا أهلكت الامم قبلكم باختلافهم على انبيائهم و ضربهم الكتب بعضها ببعض فما عرفتم منه فاعملوا به و ما جهلتم منه فردوه الى عالمه) رواه أحمد – مشكاة المصابيح. کەواتە ئیش کردن بەسوننەتی پێغەمبەر ﷺ چارەسەری گیرو گرفتەکانە ، (.. ومن يعش منكم فسيرى إختلافا كثيرا فعليكم بسنتي وسنة خلفاء الراشدين) رواه الترمذي ...واتە:

ئەوەی بڕێ جیاوازییەکی زۆر دەبینن ، جا ئەگەر ئەو جیاوازییەتان بینی ئەوا دەست بگرن بەسوننەتی من وسوننەتی چوار خەلیفەکەوە)، مەبەست لەم باسەش ئەوەیە هیچ حوکمێکی شەرعی ئەکەینە بیانو بۆ کردنەوەی دەرگا بۆ جیاوازیەکان وشل بونی ڕیزەکانمان ، وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت :(إقرؤوا القرآن ما أتلفت عليه قلوبكم فإذا اختلفتم فقوموا عنه) رواه البخاري عن جندب بن عبدالله ، واتە: قورئان بخوێنن تاکو سۆزو بەزەی لەنێوانتاندا هەیە ، جا ئەگەر لەسەر قورئان جیاوازیتان تێ کەوت ئەو کاتە مەیخوێنن ، هەروەها گوناح کردن هۆیەکی ترە بۆ تێك چونی نێوانی موسڵمانان وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:(ماتوادّ اثنان في الله عزوجل ثم افترقا الا بذنب يحدثه احدهما) رواه البخاري في الادب رقم 401 ، وأحمد السلسلة الصحيحة 637. واتە: ئەگەر دو موسڵمان یەکتریان خۆش ویست لەبەر خاتری خواو پاشان لەیەك جیا بونەوە، ئەوا جیا بونەوەکەیان بەهۆی ئەو تاوانەوەیە کە یەکێکیان ئەنجامیداوە، فەرمودەکەش پێشەوا ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە، سەیری (سلسلة الاحاديث الصحيحة) بکە .

هەروەها دەمار گیری بۆ کەسایەتی وبۆچونەکانی هۆیەکی ترە بۆ ناکۆکی، ئەمەش لەو نەزانیو جاهیلیەتەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئیسلام دژیەتی،هەر وەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:(مابال دعوة الجاهلية دعوها فانهامنتنة)پێشەوا بوخاری لە جابری کوڕی عبدالله وە ڕیوایەتی کردوە، ئەو دەمارگیرییەش کەلەم فەرمودەدا هاتوە لەسەر موهاجیرو (انصار)ییەکان بو کە چاکترین کۆمەڵی سەر زەوین،جا ئەگەر دەمار گیری بۆ دو کۆمەڵی وەك موهاجیرو (أنصار) بۆگەن بێت، ئەی ئەبێت حاڵی دەمارگیرییەکانی تر چۆن بێت، بۆیە من لەم باسەدا تەنها فەتوای زانایان و وتەکانیانم نوسیوە، ئەو کەسەش کەبەفەتوایەکی تر ئیش دەکات بەمەرجێ پێچەوانەی سوننەت نەبێت وپاشان نەبێتە هۆی ناکۆکی موسڵمانان بابۆخۆی شوێن ئەو فەتوایە بکەوێت، ئەویش لەبەر ڕێگرتن وبەربەست

کردنی ماددەی جیاوازی، بۆیە پێشەوا (مالك) ڕەحمەتی خوای لێ بێت کاتێ (هارون الرشید) داوای لێ کرد کە (موطا)ەکەی بکەنە دەستوری هەمو خیلافەت، ڕازی نەبو وەفەرموی «هاوەڵەکان ڕەزای خوایان لێ بێت پرش وبڵاون ولەوانەیە خەڵکی شتێکیان لابێت ونێمە پێمان نەگەشتبێ»..

هەروەها عبدالله ی کوڕی مسعود ﷺ کاتێك پێیان وت بۆ ئینکاریت کرد لە پێشەوا عثمانﷺ و لەهەمان کاتدا چوار ڕکاتت کرد، فەرموی(اني لاکره الخلاف) لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت (الخلاف کله شر) سەیری العمدة بکە.

لەکۆتاییدا هەر هەڵەو کەم وکوڕیەك هەبو ئەوا لەخۆمەوەیە ونەوەی پێچەوانەی قورئان وفەرمودەی پێغەمبەر ﷺ بێت، ئەوا من پەشیمانم لێی لەدونیاو قیامەتدا، خوای گەورە لێمان قبوڵ بکات و وەری بگرێت لێمان ... آمین.

﴿إِنْ أُرِيدُ إِلاَّ الإِصْلاَحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلاَّ بِاللهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ﴾

كتبه

سعد بن عبدالله بن احمد

الاربعاء 8/ذي الحجة/1422 الهجري

2002/2/20

بەشی یەكەم

كورت كردنەوە (القصر)

یەکەم/ نوێژ کورت کردنەوە:

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُواْ مِنَ الصَّلاَةِ إِنْ خِفْتُمْ أَن يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِنَّ الْكَافِرِينَ كَانُواْ لَكُمْ عَدُوًّا مُّبِينًا﴾ النساء 101.

پێشەوا (طبري) دەفەرموێت:﴿ وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الأَرْضِ﴾ واتە: ئەگەر ڕێگەتان بڕی ئیمانداران لەسەر زەویدا ﴿فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ﴾ ئەوا هیچ گوناه وتاوانێکتان لەسەر نییە ﴿أَن تَقْصُرُواْ مِنَ الصَّلاَةِ﴾ واتە ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژەکە کورت بکەنەوە، واتە ئەوەی لەکاتی تردا چوار دەکەن بیکەنە دوڕکات .. تفسیر الطبری 329/4 .

ئایەتەکەش پەیوەست نییە بەترسەوە، چونکە (یعلای کوڕی ئومیە) دەفەرموێت:(پرسیارم کرد لە عومەری کوڕی خەتتاب (خۆ خەڵکی ترسی نەماوە بۆ نوێژ کورت بکەینەوە، پێشەوا عومەریش فەرموی:ئەوەی لای تۆ سەیربو لای منیش سەیر بو وپرسیارم کرد لە پێغەمبەر ﷺو ئەویش فەرموی:(صدقة تصدق الله علیکم فاقبلوا صدقته) واتە: کورت کردنەوەی نوێژە چوار ڕکاتیەکان بەخششێکە لەلایەن خوای پەروەردگارەوە کەبە ئێوەی بەخشیوە ئێوەش ئەو بەخششە قبوڵ بکەن .

هەر لەم بارەیەشەوە دو ڕیوایەتی ترمان هەیە لەدو هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەرەوە ﷺ کەیەکێکیان (ابن عباس)ە وئەوی تریشیان (ابن عمر)ە فەرمودەکەی (ابن عباس) بەم شێوەیەیە:(جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ لەمەدینەوە بەرەو مەککە کەوتە ڕێ،لەخوای پەروەردگار نەبێت لەکەس

ئەدەترساو دو ڕکات دو ڕکات نوێژی کرد) قال الترمذي :هذا حديث صحيح وقال الحافظ في الفتح : وصححه النسائي .. تحفة الاحوذي 89/3.

وعن أبي حنظلة قال: سألت إبن عمر عن الصلاة في السفر فقال: ركعتان، فقلت: إن الله عزوجل قال: ﴿ إن خفتم ﴾ ونحن آمنون، فقال: سنة النبي ﷺ . سەیری تحفة الاحوذي بكە 89/3 .

واتە : ئەبی حنظلة دەفەرموێ: پرسیارم کرد لەعبدالله ی کوڕی عومەر دەربارەی نوێژ لەسەفەردا :فەرموی : دوڕکات ، وتم خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ إن خفتم ﴾ واتە ئەگەر ترسان، ئێمەش لەئاسایشداین، فەرموی : سوننەتی پێغەمبەرە ﷺ . سەیری تحفة الاحوذي بكە 89/3.

واتە: ئەم حوکمە یەکسانە تیایدا لەسەفەردا، جاسەفەرەکە چ بەتەیارە بێت یان بەقیتار بێت یان سەفەر بێت بۆ کردن وئەنجام دانی کردەوەیەکی چاکە، یان سەفەری گوناح بێت، وەهەر کەسێکیش ئیشەکەی وا پێویست بکات کەبەردەوام لەسەفەردا بێت، وەك کەشتیەوان وئەوەشی کە شوفێرە، مۆڵەتیان پێ دەدرێت کە نوێژ کورت بکەنەوەو ڕۆژوش بشکێنن، چونکە لەڕاستیدا موسافرن .

هەروەها پێشەوا (شنقیطي) دەفەرموێت:(أجمع العلماء على مشروعية قصر الرباعية في السفر خلافا لمن شذ، وقال: لاقصر الا في خوف ومن قال لا قصر الا في سفر طاعة خاصة فإنها اقوال لامعول عليها عن أهل العلم) أضواء البيان 282/1.

واتە: زانایان کۆڕاو یەکدەنگن لەسەر دروستی وڕێ پێدان بەکورت کردنەوەی نوێژی چواری لەسەفەردا بە پێچەوانەی ئەوانەی کە شازن ودەڵێن: کورت کردنەوەی نوێژ نییە تەنها لەترسدا نەبێت، وەدەڵێن: کورت کردنەوە نییە تەنها لەسەفەری خێردا نەبێت بەتایبەت، جائەم قسانە لای زانایان هیچ بەڵگەیەك نیە کە پشتی پێ ببەسرێت .

کەواتە حوکمەکانی سەفەر تاقیامەت هەر بەردەوامن .(أربع مسائل في صلاة المسافر) ص 49_50.

دووەم / پێناسەی سەفەر

ابن حزم رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت (و السفر هو البروز عن محلة الإقامة، و كذلك الضرب في الارض، هذا الذي لا يقول احد من اهل اللغة التي بها خوطبنا و بها نزل القرآن) سواه فلا يجوز ان يخرج عن هذا الحكم إلا ما صح بإخراجه،ثم و جدنا رسول الله ﷺ قد خرج الى البقيع لدفن الموتى و خرج الى الفضاء للغائط و الناس معه، فلم يقصروا و لا فطروا، و لا افطر و لا قصر، فخرج هذا عن ان يسمى سفرا، و عن ان يكون له حكم السفر،فلم يجز لنا ان نوقع اسم سفر و حكم السفر إلا على من سماه من هو حجة في اللغة سفرا فلم نجد ذلك في اقل من ميل، فقد روينا عن ابن عمر انه قال : (لو خرجت ميلا لقصرت الصلاة) فاوقعنا اسم السفر، و حكم السفر في الفطر و القصر على الميل فصاعدا إذ لم نجد عربيا و لا شريعيا عالما اوقع على اقل منه اسم سفر وهذا برهان صحيح) المحلى 5/19-20 اربع مسائل ص39.

واتە ابن حزم دەفەرموێ (سەفەر دەرچونە لە شوێنی نیشتە جێبون بە هەمان شێوە ڕێگا بڕینیش لە جیهاددا واتە ((ضرب)) ئەمەیە پێناسەی سەفەر کە هیچ کەس نایڵێت کە شارەزای زمانی عەرەبی بێت (واتە ئەو زمانەی کە گفتو گۆمان لە گەڵ کراوە هەر بەو زمانەش قورئان دابە زیوە) تەنها بەو پێناسەیە نەبێت، کەواتە دروست نی‌یە هیچ سەفەرێك لەم حوکمە دەر بکەیت تەنها ئەوە نەبێت کە دەقێك دەری کردبێت ، ئینجا پێغەمبەر ﷺ دەرئەچو بۆ بەقیع بۆ دفن کردنی مردووەکان هەروەها دەرئەچو بۆ چۆڵەوانی بۆ سەر ئاو خەڵکی لەگەڵدابو، نوێژیان کورت نەکردەوە ومرۆژویان نەشکاند پێغەمبەریش ﷺ نوێژی کورت نەکردەوە ومرۆژوی نەشکاند کەواتە : ئەوە لەوە دەرچو کە ناوی سەفەر بێت وەلەو حوکمە دەرچو کە ئەوە حوکمی سەفەری هەبێت بۆیە دروست نی‌یە ناوی سەفەری لێبنێیت وە دروست نی‌یە حوکمی سەفەری بەسەر دابدەیت تەنها ئەوەنەبێت کە بەڵگە بێت

لەزمانەوانی عەرەبیدا ناوی نابێت سەفەر هیچ بەڵگەشمان دەست نەکەوت لە میلێك کەمتر بێت، لە عبد الله کوری عومەرەوە رەزای خوایان لێبێت گێرامانەوە کە فەرمویەتی :(ئەگەر میلێك دەربچم نوێژ کورت ئەکەمەوە) ئەوە ناوی سەفەرمان لێنا وە حوکمی سەفەر لە نوێژ و رۆژودا میلێك بەرەو ژورە چونکە زمان زانێکی عەرەبیمان نەبینیوە وەشەرع ناسێکی زانا لەوەکەمتری دانابێ لەسەفەردا ئەوەش بەڵگەیەکی راستە (المحلی 5/19-20) (اربع مسائل 37)

کەواتە : پێناسەی سەفەر ئەگەر لە شەرعدا نەبو ئەیگێرینەوە بۆ نەریت واتە (عورف) شێخ الاسلام ئەفەر موێ : (کل اسم لیس له حد في اللغة ولا في الشرع فالمرجع فیه الی العرف فما کان سفرا في عرف الناس فهو السفر الذی علق به الشارع الحکم) واتە هەموناوێك پێناسەی لەزمان و لە شەرعدا نەبو پێناسەکەی لە نەریت دایە واتە : (عورف) جا ئەوەی لە عورفی خەڵکدا سەفەربو ئەوە ئەو سەفەرەیە کە خوای گەورە حوکمەکەی پێوە بەند ئەکات) اربع مسائل 38 .بەلام پێویستە بزانین عورف واتە : عورفی کاتی پێغەمبەر ﷺ نەك ئێستا ئەو عورفەی کاتی دابەزینی وەحی بوە بۆیە پێشەوا صنعانی ئەفەرموێ: (وینبغی ان یراد بالمعتاد ماکان في عصر النبوة). سبل السلام

سێیەم /بەڵگەی زانایان لەسەر واجبێتی کورت کردنەوەو وەلام دانەوەیان :.

1- عن عائشە رضی الله عنها قالت:(فرض الله الصلاة حین فرضها رکعتین رکعتین في الحضر والسفر فاقرت صلاة السفر وزید في صلاة الحضر) رواه البخاری ومسلم وأبوداود والنسائي وزاد أحمد الا المغرب فإنها وتر النهار والا الصبح فإنها تطول فیها القراءة .

واته :نوێژ فەرز بو کاتێ کە خوای گەورە فەرزی کرد دو ڕکات دو ڕکات لەشوێنی نیشتە جێی ولەسەفەردا، پاشان نوێژی سەفەر وەك خۆی مایەوە و، دو ڕکات زیاد کرا لەنوێژی غەیری سەفەردا، لەڕیوایەتێکی پێشەوا ئەحمەددا ئەم زیادەیەشی لەگەڵدا هاتوە کەدەفەرموێت:(.. ..تەنها نوێژی مەغریب نەبێت لەبەر ئەوەی ویتری ڕۆژە وەتەنها بەیانیش نەبێت چونکە بەیانی قورئانی زۆری تێدا دەخوێنرێ

پێشەوا زوهری دەفەرموێت:(وتم بەعوروە ئەی باشە (عائشە) کە ئەم فەرمودەیەی گێراوەتەوە بۆ کاتێك لەسەفەردایە نوێژە چوار ڕکاتیەکان وەك خۆی دەکات؟ عوروەش وەڵامی دایەوەو فەرموی: چۆن پێشەوا (عثمان) (إتمام)ی کردو بۆ (إتمام) ەکەی (تاویل)ی هێنایەوە ئەویش هەر بەهەمان شێوەی پێشەوا (عثمان) (تاویل)ی کرد پێشەوا (إبن حجر)لە(فتح الباری)دا دەفەرموێت:لەعائیشەوە ڕیوایەت کراوە هۆی (إتمام)ەکەی ، هەر وەکو پێشەوا (بیهقی) لەڕێگەی هیشامی کوڕی عوروەوە ،ئەویش لەباوکیەوە :کە عائیشە کاتێك کە لەسەفەردا بوە نوێژەکەی چوار ڕکات چوار ڕکات دەکردو دو دو نەیدەکردن، عوروەش دەڵێت: منیش پێم وت بۆ نوێژەکەت دو ڕکات دوڕکات نەکرد ؟ ئەویش فەرموی: (واتە عائشە) ئەی کوڕی خوشکەکەم من لەسەرم نارەحەت نیە کەنوێژەکەم چوار ڕکات چوار ڕکات بکەم (إبن حجر)دەفەرمویت: (اسنادە صحیح) هەروەها دەفەرموێت: ئەم ڕیوایەتەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەنوێژ کورت کردنەوە (رخصە)یەو (إتمام)یش بۆ کەسێك کەلەسەری نارەحەت نەبێت چاکترو باشترە لەکورت کردنەوە ..أهـ.

(شارح)ی (سنن أبی داود)یش دەفەرموێت : (واما حدیث فرضت الصلاة رکعتین فمعناه فرضت رکعتین لمن اراد الاقتصار علیهما ، فزید في صلاة الحضر رکعتان علی سبیل التحتم واقرت صلاة السفر علی جواز الاقتصار ، وثبت دلائل جواز الاتمام فوجب المصیر الیها و الجمع بین دلائل الشرع) ذکره النوی (عون المعبود) 45/4 ، تحفة الاحوذی 84/3

2- عن ابن عباس ان الله عز وجل فرض الصلاة علی لسان نبیکم ﷺ علی المسافر

ركعتين وعلى المقيم اربعا والخوف ركعة) رواه مسلم. واته : خواى گەورە نوێژى فەرز كردوە لەسەر زمانى پێغەمبەرەكەتان ﷺ لەسەر موسافر دو ركات وە بۆ نیشتە جێ چوار ركات ، وەلەحاڵەتى ترسدا يەك ركات بەچ شێوەيەك وەڵامى بەڵگەى يەكەم درايەوە بەهەمان شێوەش وەڵامى ئەم بەڵگەيەش دەدرێتەوە لەسەر واجب نەبونى كورت كردنەوەى نوێژ بەڵكو سوننەتى مۆكەدەيە نابێت تەرك بكرێت .

3- عن حفص بن عاصم بن عمر بن خطاب قال: واته لە(حفص)ى كوڕى (عاصم)ى كوڕى ئيمامى عومەرەوە فەرموى :لەگەڵ عبدالله ى كوڕى عومەردا بوم لەڕێگەى مەككە نوێژى نيوەڕۆى بۆ كردين ـ واته بەجەماعەت ـ دواى هاتين تاگەيشتينە كەڵ وپەلەكانمان، پاشان دانيشت وئێمەش دانيشتين ئينجا لاى كردەوە بۆ ئەو شوێنەى كە نوێژى تيا كرد وخەڵكانێكى بينى بەپێوە بون، وتى: ئەوانە چى ئەكەن ؟ وتم :نوێژى سوننەت ئەكەن، وتى: ئەگەر سوننەتم بكردايە چوار ركات نوێژم دەكرد،كوڕى برام من هاوەڵى پێغەمبەرم ﷺ كردوە (لەسەفەردا دو ركات زياترى نەدەكرد هەتا وەفاتى كرد، وەهاوەڵى ئەبو بكرم كردوە لەسەفەردا دو ركات زياترى نەدەكرد هەتا وەفاتى كرد، وەهاوەڵى عومەرم كردوە لەسەفەردا، دو ركات زياترى نەدەكرد هەتا وەفاتى كرد، وە هاوەڵى عثمانم كردوە لەسەفەردا دو ركات زياترى نەدەكرد هەتا وەفاتى كرد،خواى گەورەش دەفەرموێت:بەڕاستى پێغەمبەر (نمونەى پێشەوايەتيە بۆتان ..) ارواء الغليل 3/3 ، بەڵام لەڕيوايەتێكى پێشەوا (مسلم) دا (إبن عمر) دەفەرموێت: پاشان ئيمامى عثمانم چوار ركاتى كرد، وەلەڕيوايەتەكەى (بخاري) يشدا دەفەرموێت: پاشان (إتمام)ى ئەكرد واته نوێژە چوار ركاتيەكانى وەكو خۆى ئەكرد .

پێشەوا (إبن حجر)ى عەسقەلانى دەفەرموێت: ئەوەى كەڕيوايەت كراوە لەپێشەوا عثمانەوە ئەوەيە كەهۆى(إتمام)ى عثمان ئەوەبو كەواى دەبينى (قصر)تايبەتە بەوانەوە كەڕێ دەكەن لەسەفەرەكەياندا، بەڵام ئەوانەى لەسەفەردان وڕێ ناكەن ونيشتە جێن ئەوا حوكمى كەسێكى نيشتەجێيان

هەیەو(إتمام) دەکەن،بەڵگەش لەسەری ئەو ڕیوایەتەیە کە پێشەوا ئ،حمەد ڕیوایەتی کردوەبە(سند)ێکی (حسن)لە(عباد)ی کوڕی عبداللە ی کوڕی زوبێرەوە، کەدەفەرمونێت:کاتێ کەمعاویە هاتە لامان ودەیویست حەج بکات ،نوێژی نیوەڕۆی بۆ کردین بە دو ڕکات لەمەککەدا پاشان بەرەو (دار الندوة) کەوتە ڕێ ولەوێ (مەدان وعەمری کوڕی عثمان هاتنە لای و وتیان؛ ئەو کارەی کە عثمان ی کوڕی عەفان کردبوی سەبارەت بە(إتمام)ی نوێژەکە بۆ کاتێ لەمەککەدا بوایە ئۆ وات نەکردو کارەکەی ئەوت بایەخ پێ نەدا، (معاوية)ش فەرموی؛ عثمان کاتێ (إتمام)ی ئەکرد ئەگەر ئەهاتایە بۆ مەککە، وەکاتێ کەلەمەککەدا بو نوێژی نیوەڕۆ عەسرو عیشای بەچوار ڕکات چوار ڕکات بۆ ئەکردین، پاشان ئەگەر دەربچوایە بۆ (منى) و(عرفة) نوێژی کورت ئەکردەوە وکاتێکیش کە ل،حەج بگەڕایەتەوە لە(منى) نوێژەکانی وەکو خۆی دەکرد واتە ،بە(إتمام).

هەروەها (إبن بطال) دەفەرمونێت؛ ئەوەی کە هۆی ڕاست ودروستە سەبارەت بە عائشەو عثمان ەوە کە نوێژەکانیان بە(إتمام) کردوە لەسەفەردا، ئەوەیە کاوایان دەبینیەوە، بۆیە پێغەمبەرﷺ (نوێژی کورت ئەکردەوە لەمەککەدا لەبەر ئەوە کورت کردنەوەکە لەسەر ئوممەتەکەی ئاسان بوە، بەڵام (عائشە و عثمان) (إتمام)ەکەیان هەڵبژاردبو ئەگەر چی لەسەریشیان قورستر بو سەبارەت بە (قصر)ەکەوە..

هەروەها پێشەو (طحاوى) وغەیری ئەویش لە پێشەوا (زوهری)ەوە ڕیوایەتیان کردوە کەدەفەرمونێت؛ کاتێ عثمان لە(منى) چوار ڕکاتی کرد لەباتی ئەوەی دو ڕکات بکات لەبەر ئەوە بو کەدەشتەکیەکان لەو ساڵەدا زۆر بوبون، ئەویش پێی خۆش بو کەفێریان بکات کە نوێژە چوار ڕەکاتیەکان هەر چوارە..

بەم شێوەیە بۆمان ڕون بویەوە لەو ڕیوایەتانەی سەرەوە کە بۆچونی ئەو زانایانە بەهێزترە کەدەڵێن؛ (قصر) لەسەفەردا بۆ نوێژە چوارییەکان (واجب) نیە بەڵکو سونەتی مونەکەدەیە، (قصر) خێرو پاداشتی زیاترە لە(إتمام) بۆنکە

پێغەمبەری خوا ﷺ (هەر کاتێك کە لەسەفەردا بوایە ئەگەر چی بمایەتەوە هەر نوێژە چوار ڕکاتیەکانی دەکردە دو ڕکات، وەکو ئەو کاتەی لە(تبوك) وەککەدا مایەوە، شتێکی ڕون وئاشکرایشە کە پێغەمبەر ﷺ (شتێك ناکات کە پاداشتەکەی کەمتر بێت بۆ زیاتر شارەزا بون سەیری (تحفة الاحوذي) بکە 3/ 86_87 .

چوارەم / دەست پێ کردنی کورت کردنەوەی نوێژ :.

عومەری کوڕی عبیداللە ی کوڕی عومەر ئەمیری فارس بو، پرسیاری نوسی بۆ عبداللە ی کوڕی عومەر دەربارەی نوێژ، عبداللە ی کوڕی عومەر نوسی،کە پێغەمبەر ﷺ (ئەگەر لەماڵ دەرچوایە دو ڕکاتی دەکرد تا دەگەڕایەوە، هەروەها بەهەمان شێوە لە عبداللە ی کوڕی عباسەوە ڕیوایەت کراوە.

ئیمامی (شنقیطي) ڕحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: موسافر دەست دەکات بە کورت کردنەوەی نوێژ ئەگەر لەمالەکانی ئەو شوێنەی کە تێیدایەتی تێپەڕی کرد، بەو مەرجەی کەلەشارەکە هەموی دەرچێت، وەلەماڵەکەی خۆی (قصر) ناکات ئەگەر نیەتی سەفەریش بێنێت، وەلەناوەڕاستی شاردکەش نوێژ کورت ناکاتەوە، ئەمەش ڕای هەمو زانایانە، لەوانە هەر چوار پێشەواکە، وەزۆرینەی زانای شارو وڵاتەکان، وەلە پێغەمبەریشەوە ﷺ فەرمودەکە وایە کە پێغەمبەر ﷺ نوێژی لە(ذوالحليفة) کورت کردۆتەوە، پێشەوا (مالك)یش دەفەرموێت: ئەگەر لەشارەکەی بێستانی لێ بوکەخەڵکی تیا نیشتەجێ نەبو، حوکمی شارەکەیە، جالەبەر ئەوە نوێژ کورت ناکاتەوە هەتا لەشارەکەی تێپەڕ نەبێت، زۆرینەی زانایان بەلگەیان ئەوەیە کەنوێژ کورت ناکاتەوە هەتا لەشارەکەی تێپەڕ نەبێت، نوێژ کورت کردنەوە بەمەرج گیراوە بەسەفەرەوە،وئەوەشی کەلەشار دەنەچێت سەفەری نەکردوە . سید سابق ئەفەرموێ (ذهب جمهور العلماء الى ان قصر الصلاة يشرع لمفارقة الحضر والخروج من البلد وان ذلك شرط ولا يتم حتى يدخل اول

بیوتها) فقه السنة 285/1 اربع مسائل 54 وات : جەماوەری زانایان لەسەر ئەوەن کە کورت کردنەوەی نوێژ دەست پێنەکات بەبەجێ هێشتنی شوێنی نیشتەجێ بون وەدەرچون لە شوێنی خۆت وە ئەوەش مەرجە بۆ کورت کردنەوە نوێژ بە چوار رکاتی نەکات لەگەرانەوەدا هەتا نەیەتە ناو سەرەتای ماڵەکانەوە هەروەها ابن قدامە ئەفەرموێ: (ولو کانت قریتان متداینتین فاتصل بناء احداهما بالاخری فهما کالواحدة، وان لم تتصل فلکل قریة حکم نفسها) 261/2 اربع مسائل . واتە : ئەگەر دودێ نزیك بون خانوەکانیان بەیەك گەیشتبن ئەوە هەردوکیان وەك یەك دێ وان بەلام ئەگەر دور بون لە یەکترەوە ئەوە هەمو دێیەك حوکمی خۆی هەیە

هەروەها پێشەوا (بخاری) دەفەرموێت:(باب یقصر إذا خرج من موضعه) واتە: باسی کورت کردنەوەی نوێژ ئەگەر لەشوێنەکەی خۆی تێپەری کرد. ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: نوێژی نیوەرۆم کرد لەگەڵ پێغەمبەرﷺ لەمەدینە چوار رکات ولە(ذي الحلیفة) دو رکات، (ابن حجر) دەفەرموێت: واتە: ئەگەر نیەتی سەفەری هێنا .. فتح الباری 279/3 .

هەروەها (ابن المنذر) دەفەرموێت: ئەمزانیوە پێغەمبەرﷺ نوێژی کورت کردبێتەوە لەسەفەرێك لەسەفەرەکانی تەنها دوای دەرچون نەبێت لەمەدینە، ئەمەش بۆچونی جەماوەری زانایانە . الثمرات الجیاد ص 158

پێنجەم / ئایا لەگەڵ دەرچون پێویست دەکات نیەتی کورت کردنەوەی هەبێت یان کۆ کردنەوە ؟

ئەوەی کەراستەو وەرگیراوە لای زانایان ئەوەیە، نیەت مەرج نیە بۆ کورت کردنەوەی نوێژو کۆکردنەوەو مەسحی خوف، هیچ کام لەمانە پێویستیان

بەدامەزراندی نیەت نی‌یە . سەیری (المغنی والشرح الکبیر) 258/2 و(فقه السنة) 245/1 و(مجموعة الفتاوی) 13/24 بکە .

قال سید سابق (رحمه الله) : ولا تشترط النیة من الجمع والقصر قال إبن تیمیة وهو قول الجمهور جمیعا . 245/1 .

قال شیخ الاسلام: وهکذا اختلفوا في الجمع والقصر هل یشترط له النیة ؟ فالجمهور لایشترطون النیة کمالك وأبو حنیفة وهو أحد القولین في مذهب أحمد وهو مقتضی نصوصه .

والثاني تشترط کقول الشافعي وکثیر من أصحاب أحمد کالخرقي وغیره والاول أظهر ومن عمل باحد القولین لم ینکر علیه .مجموعة الفتاوی 13/24

تێبینی : پێویست ناکات پێش نوێژ بەخەڵکی بڵێت من نوێژ کورت ئەکەمەوەوەئەگەر خەڵکی نی‌یەتی دو رکاتی هێنا پێش نوێژ چواری کرد نوێژەکەی تەواوە چونکە کاتێ عثمانی کوری عفان لە حەج چواری کرد خەڵکی هەموی بەتەمای دو رکات بون کەسیش نوێژی دوبارە نەکردەوە .هەروەها شیخ الاسلام دەفەرموێ : وکذلك لما جمع بهم لم یعلمهم انه جمع قبل الدخول بل لم یکونوا یعلمون انه یجمع حتی یقضی الصلاة الاولی فعلم ایضا ان الجمع لا یفتقر الی ان ینوی الی الشروع في الاولی کقول الجمهور والمنصوص عن احمد یوافق ذلك الفتاوی الکبری 146/1 اربع مسائل 68 . واتە : هەر بەو شێوەیە کاتێك پێغەمبەر ﷺ نوێژی کۆ کردەوە لەگەڵ هاوەڵەکاندا ئاگاداریان نەکردنەوە کەنوێژ کۆ دەکاتەوە پێش کاتی نوێژەکە بەڵکو نەیان زانی نوێژ کۆ دەکرێتەوە هەتا نوێژی یەکەم تەواو بو کەواتە رون بۆوە کۆکردنەوەی نوێژ پێویستی بە نیەت نی‌یە لەکاتی نوێژی یەکەمدا وکو وتەی جەماوەری زانایان ودەقی پێشەوا ئەحمەد بەڵام ئەگەر پێش نوێژێك خەڵکەکەی ئاگادار کردەوە هیچی لەسەر نی‌یە تەنها لەو کاتەدانەبێ کە خەڵکەکەنیشتەجێبن و ئیمام موسافر بێت

شەشەم /ئایا جیاوازی سەفەری دورو سەفەری نزیك هەیە؟

هیچ جیاوازیەك لەسەفەری دور وسەفەری نزیك نىیە وەك (شیخ الاسلام إبن تیمیە) دەفەرمونێت: جیاوازی لەنێوان سەفەری كورت وسەفەری درێژ، ئەم جیاوازییە هیچ بنەمایەكی نىیە نەلەقورئانداوە نەلەسوننەتی پێغەمبەردا ﷺ، بەڵكو حوكمەكان كەخوای گەورە كەباسیان لێوە دەكات بەشێویەكی (مطلق) واتە:بێ سنور، باسیان دەكات، وەك خوای گەورە لەئایەتی پاك كردنەوەدا دەفەرمونێت: (ئەگەر نێوە نەخۆش كەوتن یان لەسەفەر بون) (مائدة) /60 لەئایەتی رۆژویشدا دەفەرمونێت: (هەركەسێك نەخۆش بو یان لەسەفەر بو، رۆژانی تر بیگێرێتەوە) (البقرة)/184 ، ودەفەرمونێت: (ئەگەر سەفەرتان كرد لەسەر زەویدا تاوانتان لەسەر نىیە ئەگەر نوێژ كورت بكەنەوە، ئەگەر ترستان لەكافران هەبو، هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرمونێت: (خوای گەورە رۆژوی رەمزان ونیوەی نوێژی فەرزی لەسەر لابردون) تادەگاتە ئەوەی كە(شیخ الاسلام) دەفەرمونێت: (بەم دەقانەو غەیری ئەم دەقانەش لەقورئان وسوننەتی پێغەمبەر ﷺ هیچ جیاوازییەك نىیە لەنێوان سەفەری نزیك وسەفەری دوردا، جا هەر كەسێك جیاوازی خستە نێوان سەفەری نزیك وسەفەری دور، ئەوا جیاوازی دەخاتە نێوان دو شتەوە كە خوای گەورە بەیەكەوە باسیانی كردوە، بەجیاوازییەك كە هیچ بنەمایەكی نىیە نەلەقورئان و نەلەسوننەتی پێغەمبەردا ﷺ ، مجموعة الفتاوی 24/ 24 -25.

حەوتەم / ئایا ماوەیەكی دیاری كراو لەشەرعدا دیاری كراوە بۆ كورت كردنەوەی نوێژ ؟.

بێ گومان جیاوازی هەیە لەنێوان پێشەواكاندا لەدیاری كردنی ئەو ماوەیەی كە

پێی دەوترێ سەفەر، بەڵام هیچ کام لەو فەرمودانە دیاری کردنی تێدا نی‌یە، لەوانەشە یەکێك بڵێت: خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ ما فرطنا في الكتاب من شيء﴾ واتە: هیچ شتێك نی‌یە کە خوای گەورە لەقورئاندا ڕونی نەکردبێتەوە، یان دەفەرموێت:﴿ وَكُلَّ شَيْءٍ فَصَّلْنَاهُ تَفْصِيلاً﴾ لەوەڵامدا ئەڵێین: ڕاستە دینەکەمان وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِيناً﴾ جولەکەیەك بەعومەری کوڕی خەتتابی وت: ئایەتێك لەقورئاندا یە ئەگەر بۆ ئێمە دابەزیایە ئەماتکرد بەجەژن، ئینجا ئەو ئایەتەی خوێندەوە، هەروەها پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: (هیچ شتێك نی‌یە نزیکتان بکاتەوە لەبەهەشت ودورتان بخاتەوە لە جەهەنەم ئیلا فەرمانم پێ کردون، وەهیچ شتێك نی‌یە دورتان بخاتەوە لەبەهەشت ونزیکتان بکاتەوە لەجەهەنەم ئیلا قەدەغەم لێ کردون، ئەمە پێشەوا شافعی ریوایەتی کردوە سەیری (مشكاة المصابيح) بکە . بۆیە گەڕانەوە بۆ سونەتی پێغەمبەرﷺ باشترە لە(قيل وقال) و ئەو جیاوازیانەش ئەگەر چی لەدیندا شتی وانی‌یە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ اخْتِلاَفاً كَثِيراً﴾ واتە: ئەگەر ئەو قورئانە لەغەیری خواوە بوایە جیاوازی زۆری تیادا دەبو،هەرچەندە ئەو جیاوازیانە پاداشتیان بۆ نوسراوە، بەڵام زۆری ئەو جیاوازیانە لەشەرعدا نین، لەبەر ئەوە ئەوەی دروستە شوێن هەر کام لەوانە بکەوێت بەتایبەتی لەعامەی خەڵك بو، بەڵگەی بەهێزی ئەدەزانی، بەڵام بۆکەسێك جێگەی لۆمەیە کەخۆی بەشوێن کەوتەی بەڵگە بزانێت، بۆیە (ابن تيمية) دەفەرموێت: دیاری کردن بەمیل وبەفەرسەخ پێویست دەکات بەناسینی ماوەی ڕوبەری زەویەکان، ئەمەش کەس نازانێ تەنها کۆمەڵێکی تایبەتی کەم نەبێت، ئەوەی ئەوانەشی باس کردوە بەچاو لێکەری لەغەیری خۆیەوە (نقل)ی دەکات، ئەوەش شتێکی وانی‌یە لەشەرعدا بڕیاری یەکجاری لەسەر درابێت،

پێغەمبەریش ﷺ ماوەیەکی دیاری نەکردوە لەوتارەکانیدا، لەکاتێکدا پێغەمبەر ﷺ نێرراوە بۆ هەمو خەڵکی) مجموعة الفتاوى 27/24 .

هەروەها پێشەوا (بیهقی) دەفەرمونێت: (وهذا کله صحیح ولیس في کله تحدید لاقل مایقع علیه اسم السفر) واته: فەرمودەکان هەمویان ڕاستن (ئەوانەی کە باسی ماوەیان تێدا هاتوە لە3 ڕۆژەوە هەتا تاقێك) بەڵام لەهەمویاندا دیاری کردنی تیا نی‌یە بۆ کەمترین ماوەیەك کەناوی سەفەری لێ بنرێت) سەیری (الثمرات الجیاد) بکە س 153 .

هەروەها (إبن تیمیة) دەفەرمونێت: (.. پێغەمبەر ﷺ ماوەی کورت کردنەوەی نوێژی دیاری نەکردوە بەسنورێك، نەکات ونەشوێنی، ئەوانەش وتراون لەو بارەوە جیاجیان وهیچ کامیان بەڵگەیان تیانی‌یە وناتوانیت سنورێکی دیاری کراوی بۆ دابنێیت، هەروەها دەفەرمونێت: (ئەمەش ڕای زۆرینەی پێشینان وشوێن کەوتوانە، ئەمەش ڕاسترینی وتەکانە لەڕوی بەڵگەوە) مجموعة الفتاوى 12/24 .

هەروەها (صدیق خان) دەفەرمونێت: (پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە بەچی دەوترێت سەفەر لەشەرعدا یان لەزمانەوانیدا یان لەنەریتی خەڵکدا، جا ئەوەی کە دەرچون بو لەوا ئەوە سەفەرەو واجبە دو ڕکات بکەیت) الروضة الندیة 152/1 .

هەروەها (إبن تیمیة) دەفەرمونێت: (دیاری کردنی ماوەیەکی دیاری کراو بۆ سەفەر هیچ بنەمایەکی نی‌یە، نەلەشەرع نەلەزمان نەلە نەریت نەلە عەقڵ، زۆرینەی خەڵکیش پێوانە نازانێت بۆ زیاتر شارەزا بونیش لەوتەی زانایان لەدیاری کردنی ئەو ماوەیەی کەدایان ناوە بۆ ئەوەی‌کەسێك پێی بوترێت (مسافر) ونوێژەکەی تیا کورت بکاتەوە، سەیری عون المعبود ج4/ 47-49 شەرحی فەرمودەی 1198، والمنتقی شەرحی (الموطا) ج2/251-254 بکە لەگەڵ اربع مسائل .

هاشتەم / ئایا چەند ڕۆژ بۆت هەیە نوێژ کورت بکەیتەوە ؟.

ابن عباس لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ڕیوایەتی کردوە کە پێغەمبەر ﷺ لەهەندێ لەسەفەرەکانیدا (18) ڕۆژ ماوەتەوە، دو ڕکات دو ڕکات نوێژە چوار ڕکاتیەکانی دەکرد. (ابن عباس) خۆیشی دەفەرموێت: (ئێمە لەسەفەرەکانماندا ئەگەر (19) ڕۆژ بمابینایەتەوە، ئەوا ئێمەش بەهەمان شێوە نوێژەکانمان دو ڕکات دو ڕکات دەکرد، وەئەگەر زیاتر لە(19) ڕۆژ بمابینایەتەوە (إتمام)مان دەکرد. واتە: نوێژەکانمان وەکو خۆی دەکرد هەر بەچوار ڕکاتی رواه البخاري تحفة الاحوذي 91/3 هەروەها عیمرانی کوڕی حوصەین دەفەرموێت: (لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بەشداری جەنگم کردوە بەشداری (فتح)ی مەککەم کرد جا پێغەمبەر ﷺ لەمەککە (18) شەو مایەوە ولەدو ڕکات زیاتری نەدەکردو دەیفەرمو: ئەی دانیشتوانی مەککە ئێوە نوێژەکانتان وەکو خۆی بکەن، واتە چوار ڕکات، چونکە ئێمە لەسەفەرداین. رواه ابو داود .عون المعبود 68/4

(ابن عباس) لە پێغەمبەرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردوە کە پێغەمبەر ﷺ لەمەککە (17) ڕۆژ ماوەتەوەو نوێژەکانی کورت کردۆتەوە، (ابن عباس) دەفەرموێت: جاهەر کەسێك لەسەفەرەکەیدا (17) ڕۆژ بمێنێتەوە ئەوا نوێژەکانی کورت دەکاتەوە، وەئەگەر زیاتر مابەوە لە(17) ڕۆژ (إتمام) دەکات . رواه ابو داود .عون المعبود 69/4 .

(ابن عباس) دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ لەمەککە ڕۆژی (فتح) (15) ڕۆژ مایەوەو نوێژەکانی کورت دەکردەوە .. 70/4

(أنس)ی کوڕی مالك دەفەرموێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ لەمەدینەوە بەرەو مەککە کەوتینەڕێ جا پێغەمبەر ﷺ لەمەککەدا هەتا لەوێ بو نوێژەکانی کورت دەکردوە هەتا گەڕایەوە بۆ مەدینە، پرسیار کرا لە(أنس) ئایا چەند ڕۆژ

لەمەككەدامانەوە؟ ئەویش فەرمووی: (10) ڕۆژ ماینەوە لەمەككەدا .عون المعبود 71/4.

لە پێشەوا (علی)ەوە ڕیوایەت كراوە كە فەرمویەتی : هەركەسێك لەسەفەردا (10) ڕۆژ مایەوە ئەوا نوێژەكانی وەكو خۆی دەیانكات وكورتیان ناكاتەوە ،بەڵام لەڕیوایەتەكەی (عبدالرزاق)دا بەم شێوەیەیە: ئەگەر لەسەفەرەكەتدا (10) ڕۆژ مایتەوە ئەوا نوێژەكان وەكو خۆی بكە،جا ئەگەر حاڵەت وابو ئەتوت ئەمڕۆ نا بەیانی دەگەڕێمەوە،ئەوا نوێژەكانت كورت بكەرەوە، ئەگەر چی‌مانگێكیش لەو شوێنەدا بمێنیتەوە بەو حاڵەوە .. تحفة الاحوذی 91/3.

لە(إبن عمر)ەوە ڕیوایەت كراوە كەفەرمویەتی: هەركەسێك لەسەفەرەكەیدا (15) ڕۆژ مایەوە،نوێژەكانی كورت ناكاتەوە وبە(إتمام) دەیانكات، أخرجه محمد بن الحسن في كتاب الاثار، تحفة الاحوذي 91/3.

هەروەها ڕیوایەتێكی تر لە(إبن عمر)ەوە هەیە كە دەفەرموێت: ئەگەر (مسافر) بویت وبڕیارتدا لەسەفەرەكەتدا (15) ڕۆژ بمێنیتەوە، ئەوا نوێژەكانت بە(إتمام) بكە، بەڵام ئەگەر بڕیارت ئەدا بەوشێوەیەو ئەت ئەزانی كەچەندێك دەمێنیتەوە، ئەوا نوێژەكانت كورت بكەرەوە . تحفة الاحوذی91/3.

(سعید)ی كوڕی (المسیب) دەفەرموێت: ئەگەر سەفەرت بۆ شوێنێك كردو (15) ڕۆژ تیایدا مایتەوە،ئەوا نوێژەكانت بە(إتمام) بكە:واتە وەكو خۆی بیانكە. تحفة الاحوذي 92/3.

لەدوای ئەمانەوە زانایانی ئیسلام جیاوازیان لەنێواندا هەیە لەسەر ئەو كاتەی كە (مسافر) بۆی هەیە كەلەسەفەرەكەیدا نوێژەكانی تیا كورت بكاتەوە، سوفیانی (ثوري)و(أهل)ی كوفە (15) ڕۆژیان دیاری كردوە بۆ (مسافر) كە لەسەفەرەكەیدا بۆی هەیە نوێژەكانی تیا كورت بكاتەوە، هەروەها ئەڵێن: ئەگەر (مسافر) بڕیاری دا كە (15) ڕۆژ لەشوێنی سەفەرەكەیدا بمێنێتەوە ئەوا (إتمام) دەكات، پێشەوا ئەوزاعیش دەفەرموێت: ئەگەر (مسافر) بڕیاری دا كە (12) ڕۆژ

بمێنێتەوە ئەوا (اتمام) دەكات، پێشەوا مالك وشافعی وئەحمەدیش دەفەرمون: ئەگەر (مسافر). بڕیاری دا كە (4) ڕۆژ یان زیاتر لەشوێنی سەفەرەكەیدا بمێنێوە ئەوا (اتمام) دەكات، پێشەوا (اسحاق)ی كوڕی (راهویە) پێی وایە كە بەهێزترینی بۆچون وڕایەكان ئەوەیانە كە فەرمودەكەی (ابن عباس)ی لەسەرەو لەپێغەمبەرەوە ﷺ ڕیوایەتی كردوەو دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ لەهەندێ لەسەفەركانیدا (19) ڕۆژ مایەوەو نوێژەكانی دو ڕكات دو ڕكات دەكرد، (ابن عباس) خۆیشی دەفەرموێت: ئەگەر ئێمە (19) ڕۆژ بمانیایەتەوە دو ڕكات دو ڕكات نوێژەكانمان دەكردو ئەگەر زیاتریش لەوە بمانیایەتەوە نوێژەكانمان وەكو خۆی دەكرد.. تحفة الاحوذی 3/92-94 .

پێشەوا (بیهقی) دەربارەی ئەو جیاوازیانەی كە لەڕیوایەتەكاندا هاتوە سەبارەت بەمانەوەی پێغەمبەر ﷺ لەمەككەدا دەفەرموێت: ئەوەی كە فەرمویەتی پێغەمبەر ﷺ (19) ڕۆژ ماوەتەوە ڕۆژی چونە ناو ڕۆژی دەرچونیشی پێوە ژمێردراوە،ئەوەیشی كەدەڵێ (17) ڕۆژ، ڕۆژی چونە ناو دەرچونی لێ لابردوە،وەئەوەیشی كە دەڵێ (18) ڕۆژ،دانەیەكیانی لێ لابردوە . اه .

بەڵام سەبارەت بەڕیوایەتی (15) ڕۆژەوكەوە پێشەوا (ابن حجر) دەفەرمویت: لە كتێبی (خلاصە)دا بەلاوازی داینـاوە، وەئەگەر (ثابت)یش بێت واتە:(صحیح) بێت ئەوا بەشێوەیەك لێك دەدرێتەوە،گێڕەرەوەی فەرمودەكە وای گومان بردوە كە پێغەمبەر ﷺ ڕیوایەتی (17) ڕۆژەكەیە، لەمیش ڕۆژی چونە ناو دەرچونی لێ لابردوەو بە(15) ڕیوایەتی كردوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كەڕیوایەتی (19) ڕۆژەكە لەهەمویان (راجح) ترەو پێشەوا (اسحاق)یش ئیشی بەمەییان كردوە هەتا دەگاتە ئەوەی پێشەوا (ابن حجر) دەفەرموێت: كۆكردنەوەو (جمع)ەكەی پێشەوا (بیهقی) كۆكردنەوەیەكی بەهێزو دامەزراوە، دەمێنێتەوە ڕیوایەتی (15) ڕۆژەكە، سەبارەت بەمەش بە(شاذ) دەژمێردرێت، چونكە پێچەوانەی ڕیوایەتە بەهێزەكانە، هەروەها ڕیوایەتی (20) ڕۆژەكەش هەر بە(شاذ) دەژمێردرێت

بەهەمان شێوەی ڕیوایەتی (15) ڕۆژەکە، ڕیوایەتی (18) ڕۆژەکەیش (صحیح)نییە لەڕوی (اسناد)وە ..اه . قسەکانی (ابن حجر) کۆتایی پێ هات.

بەم شێوەیە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە ڕیوایەتی (19) ڕۆژەکە لەهەمویان بەهێزترە جا بۆیە هەر کەسێك بڕیاری دا لەسەفەرەکەیدا (19) ڕۆژ یان زیاتر بمێنێتەوە، ئەوا با نوێژەکانی وەکو خۆی بکات،واتە: کورتیان نەکاتەوە، بەلام ئەگەر کەسێك لەسەفەردا بو ئەیدەزانی چەند لەسەفەرەکەیدا دەمێنێتەوە ئەوا بۆی هەیە نوێژەکانی کورت بکاتەوە ئەگەر چی چەند سالێکیش بمێنێتەو، هەروەکو (ابن المنذر) دەفەرموێت: (أجمع أهل العلم ان للمسافر أن یقصر مالم یجمع اقامة وان أتی علیه سنون ..) فقه السنة 288/1 و تحفة الاحوذی 93/3 .

ئەو ڕیوایەتانەشی کەلەهەندێ لە هاوەلانی پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕراونەتەوە هەر بەم شێوەیە بون،واتە :ئەیان زانیوە لەسەفەرەکەیاندا چەندێك دەمێننەوە، لەو ڕیوایەتانەش:

أ- عبدالله ی کوڕی عمر(6)مانگ لە(اذربیجان) مایەوەو نوێژی کورت دەکردەوە لەبەر زۆری بەفر. بڕوانە (إرواو الغلیل) 28/3 ، (بیهقی) ڕیوایەتی کردوە .

ب- أنسی کوڕی مالك (2) سالّ لەشام مایەوە نوێژی کورت دەکردەوە.

ج- عبدالرحمانی کوڕی سەمورە (2) سالّ لە کابول مایەوە نوێژی کورت دەکردەوە، بەلام لەم حالەتەدا تەنها نوێژەکەی کورت دەکاتەوە، مەگەر عوزرێکی شەرعی هەبێت بۆ کۆکردنەوەی کەلەدوایدا دێینە سەری .. سەیری (زاد المعاد) بکە 463/1 .

پێشەوا احمد دەفەرموێ: اذا نوی الاقامة اربعة ایام اتم ، وان نوی دونها قصر وحمل هذه الاثار واصحابه لم یجمعوا الاقامة البته بل کانوا یقولون الیوم نخرج غدا نخرج واتە ئەگەر نیەتی مانەوەی چوار ڕۆژی هێنا نوێژەکە بە تەواوی ئەکات واتە چوار ڕکات ، بەلام ئەگەر لەوەکەمتر نیەتی هێنا واتە لە چوار ڕۆژ کەمتر نوێژ

کورت دەکاتەوە وە ئەو فەرمودانە ئەوەی لێوەردەگیرێ کە پێغەمبەر ﷺ وە هاوەڵەکانی نیەتیان نەبوە نیشتە جێ بن بەڵکو وتویانە ئەمڕۆ دەرەچین بەیانی دەرئەچین . اربع مسائل .

ئەوەی کە ماوە تێشکی بخەینە سەر ئەوەیە، ئەگەر کەسێك گومانی هەبو لەوەی (مسافر)ە یان نا یان یەکێ پێی ئەڵێت دو ڕکات بکەو یەکێك پێی ئەڵێت چوار ڕکات بکە، ئەگەر توشی گومان بو ئەوا باشتر وایە نوێژەکە بەتەواوی بکات، هەروەك (ابن تیمیه) دەفەرمونێت :(فمن کان عنده شك في جواز القصر فاراد الاحتیاط فلاتمام أفضل) واتە، ئەوەی گومانی هەبو لەدروست بونی کورت کردنەوەو ویستی (إحتیاط) بکات، چوار ڕکات، (إتمام) بۆی باشترە.

هەروەها دەربارەی ئەو کەسەش کە زیاتر لەچوار ڕۆژ لەسەفەرەکەیدا بمێنێتەوە دەفەرمونێت: باشتر وایە نوێژەکانی بە(إتمام) بکات. مجموعة الفتاوی 24/13-1

تێبینی:. ئەگەر کەسێك هیجرەتی کرد بۆ شوێنێك پێویستە دوای چوار ڕۆژ چوار ڕکات بکات وبۆی نی‌یە بەردەوام نوێژ.کورت بکاتەوە، چونکە قیاس ناکرێتە سەر ئەوەی کە بەردەوام نیەتی گەڕانەوەی هەبێت، چونکە جیاوازی هەیە لەنێوان (مسافر)ێك کە بەشێوەیەکی کاتی دەڕوات بۆ شوێنێك لەگەڵ موهاجیرێك کەنیشتە جێیە و بەتەمایە شەهید ببێت .بەڵام بۆی هەیە لەسەرەتای هاتنیدا چوار ڕۆژ نوێژکورت بکاتەوە هاوەڵەکانی پێغەمبەریش ﷺ ئەوانەی لەمەککەوە هاتن کە بەس تەنها (اهلی صوفە کە ژمارەیان 400 بو ماڵ و حاڵیشیان ئەبو نوێژیشیان چوار ڕکاتی دەکرد نابێت کەسێك بەبیانوی نیەتی گەرانەوە بۆ شوێنی نیشتەجێیی دورکات دو ڕکات بکات چونکە گەڕانەوە بۆ شوێنێك کە هیجرەتت لێکردوە پێش فتح کردنی لە تاوانە گەورەکانە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرمونێت : (والمرتد بعد هجرته اعرابیا) رواه النسائي و ابو داود صحیح الجامع الصغیر/ فتح الباری باب التعرب في الفتنة. بەڵگەی ئەوەش کە لە شوێنی هیجرەتدا نوێژ کورت ناکرێتەوە

(عثمانی الطویل) له تابعیەکەوە کە ناوی (روفیعی کوریمهرانی بصریة) کە ناسراوە بە (ابو العالیةالریاحی) ئەفەرموێ : خطبنا ابو بکر فقال قال رسول الله ﷺ للمقیم اربع وللظاعن رکعتان مولدی بمکة ومهاجری بالمدینة فإذا خرجت من المدینة فصاعدا من ذی الحلیفة صلیت رکعتین حتی اجع الیها فقلت لرفیع انی اتی البلد فاقیم به شهرین افاقصر الصلاة؟ قال نعم وان اقمت به خمسین سنة حتی ترجع الی قارك)ابو نعیم في الحلیة 222/5 البخاری في التاریخ الکبیر 258/3/2 اربع مسائل 62 واتە عثمان الطویل لە ابو العالیەوە ئەگێرێتەوە وتی ابو بکر وتاری بۆ داین فەرموی پێغەمبەر ﷺ فەرموی بۆ نیشتەجێ چوار و بۆ موسافر دو رکات شوێنی لە دایك بونم مەککەیە وشوێنی هیجرەتم مەدینەیە جا ئەگەر لە مەدینە دەرچم ئەولای مەدینەش لە ذو الحلیفةوە دو رکات دەکەم هەتا ئەگەڕێمەوە بۆ مەدینە وتم بە روفیع من دێم بۆ ئەم ولاتە دو مانگ ئەمێنمەوە ئایا نوێژ کورت بکەمەوە وتی بەڵێ ئەگەر پەنجا ساڵ لە وێ بویت هەتا ئەگەڕێیتەوە شوێنی نیشتەجێبونت. پێغەمبەریش ﷺ خۆی لەمەدینە دو ڕکاتیان ئەکرد، بەڵکو هەمویان چوار ڕکاتیان دەکرد کەئەم مەسەلەیە وەك (إجماع)و کۆڕای هاوەڵەکان وایە واتە اجماعی سکوتی .بەلام خاڵە سەربازیەکان کە دورن لە شوێنی نیشتەجێ و هیجرەتەوە هەندێکیان ماوەی سەفەر دەیگرنەوە ، سەیری خاڵی حەوتەم بکە لە کورت کردنەوەی نوێژ هەروەها خاڵی بیستەم لە کورت کردنەوەی نوێژ

نۆیەم / لەگەڕانەوەدا تاکوێ نوێژ کورت دەکەیتەوە؟ .

وەك چۆن لەدەست پێ کردنی نوێژ کورت کردنەوەدا باسمان کرد کەلەدەرچونی لەئاوەدانی وبەجێ هێشتنی خانوەکانی شوێنی نیشتە جێ کەی ئەو حوکمە دەست پێ دەکات لەکاتی گەڕانەوەشدا چونە ناو شار کۆتایی هاتنە بەو حوکمە، جا ئەگەر نزیك بویتەوە لەئاوەدانی وماڵەکانت لێ دیار بو ئەوا بەردەوام نوێژ کورت دەکەیتەوە هەتا چونە ژورەوەی شارەکە، پێشەوا بوخاری ڕیوایەت دەکات

ودەفەرموێت: علی کوڕی ئەبو طالب ﷺ لەکوفە دەرچو بۆ سەفەر ماڵەکانی لێ دیاربو نوێژی کورت دەکردەوە. کاتێ گەڕایەوە وتیان: ئەمە کوفەیە! فەرموی: نەخێر هەتا دەچینە ناوی. لەڕیوایەتەکەی تردا دەفەرموێت: (علی بن ربیعە) وتی: دەرچوین لەگەڵ علی کوڕی ئەبو طالبدا نوێژمان کورت دەکردەوەو ماڵەکانیشمان لێ بەدار بون و دەمانبینی. وەلە(وقاء بن إیاس)ەوە دەفەرموێت: (دەرچوین لەگەڵ علی کوڕی ئەبو طالبدا و ڕومان کردە ئێرە - دەستی بەرەو شام درێژ کرد- دو ڕکات دو ڕکات نوێژمان دەکرد هەتا ئەوکاتەی کە گەڕاینەوە. سەیری کوفەمان دەکردو نوێژ داهات و وتیان. ئەی ئەمیری موسڵمانان ئەمە کوفەیە نوێژ بکەینە چوار ڕکات؟ وتی: نەخێر هەتا بچینە ناو کوفەوە. (ابن حجر) دەفەرموێت: (لا حتی ندخلها. ای لانزال نقصر حتی ندخلها فإنا مالم ندخلها في حكم المسافرين) واتە: (لاحتی ندخلها) واتە: ئێمە بەردەوام نوێژ کورت دەکەینەوە هەتا ئەچینە ناو کوفەوە. وەئێمە هەتا دەچینە ناو کوفەوە لەحوکمی (مسافر)داین. فتح الباري 3/278-279 .

دەیەم / نوێژی (مسافر) لە پشت ئیمامێکی نیشتەجێ (مقیم)ەوە ..؟

موسى ی کوڕی سەلەمە لەعبدالله ی کوڕی عباس پرسی کەلەمەککە بوین وتم: ئێمە ئەگەر لەگەڵ ئێوەدا نوێژمان کردچوار ڕکات نوێژ دەکەین. بەڵام ئەگەر گەڕاینەوە بۆ شوێنەکانمان دو ڕکات نوێژ دەکەین. ئەویش فەرموی: ئەوە سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ (أبوعوانە) ڕیوایەتی کردوە لەصحیحەکەیدا. کەواتە ئەگەر جەماعەت هەبو ئەبێت لەگەڵ جەماعەتدا نوێژەکەت بکەیت. ئەگەر چی (مسافر)یش بیت. نابێت بەتەنها نوێژ بکەیت.بەڵام ئەگەر بەتەنها نوێژت کرد ئەوا دو ڕکات نوێژ دەکەیت هەروەك پرسیار لە عبدالله ی کوڕی عباس

کرا، چۆن نوێژ بکەم ئەگەر لەمەککە بوم ولەگەڵ ئیمامدا نوێژم نەکرد؟ فەرموی: دو ڕکات سوننەتی پێغەمبەرە ﷺ صحیح مسلم2/143-144 ،سەیری إرواء الغلیل 3/21 بکە

یانزەیەم/ حوکمی ئەو کەسەی کە (مسافر)ەو دو ڕکات نوێژ دەکات لە پشت ئیمامێکەوە کە چوار ڕکات دەکات !

ئەم حاڵەتە زۆر برا بەبۆچونی خۆی کردویەتی، بۆ نمونە: خۆی(مسافر)ە دو ڕکات دەکات لەگەڵ ئیمامێکدا کە چوار ڕکات دەکات . کاتێك ئیمامەکە دەگاتە تەحیاتی یەکەم وهەڵدەستێتەوە بۆ ڕکاتی سێیەم ئەم (مسافر)ە سەربەخۆ سەلام دەداتەوە، بگرە هەیە سەلام دەداتەوەو بەپەلەپەل ولەگەڵ ڕکاتی سێیەمی ئەواندا نیەتی دو ڕکاتی عەسریشی لێ دێنێ، جا ئەم حاڵەتانە هیچی دروست نییە، تەنانەت ئەگەر لەتەحیاتی کۆتایش نوێژ دابەستی لەگەڵیاندا پێویستە چوار ڕکات بکەیت، هەندێکی تریش بەعەمدی خۆیان دوا دەخەن لەنوێژی جەماعەت بەبەڵگەی ئەوەی (مسافر)ن، بەڵام ئەوە لەڕاستیدا تەمەبەڵیە لەعبادەتدا، ئەگینا سوننەتی پێغەمبەر ﷺ لەنوێژی تریشدا هەر بەکۆمەڵ خۆی وهاوەڵانی نوێژیان کردوە، لەبەر ئەوە با هەمو کەسێك ئاگای لەخۆی بێت وتەمەڵ نەبێت لەپەرستنەکاندا، بەڵگەشمان بۆ ئەم حاڵەتە ئەوەیە کە (بیهقی) ڕیوایەتی دەکات (157/3) بە(سند)ێکی (صحیح) لە(أبو مجلز)ەوە دەفەرموێت: وتم بە عبداللە ی کوڕی عمر (مسافر)ێك فریای دو ڕکاتی کۆمەڵێکی نیشتەجێ دەکەوێت، ئایا دو ڕکاتەکە بەسە بیکات، یان وەك نوێژەکەی ئەوان دەکات؟ دەفەرموێت: عبداللە ی کوڕی عمر پێکەنی و وتی: بەنوێژەکەی ئەوان نوێژ دەکات. إرواو الغلیل 22/3 .

هەروەها پرسیاریان کرد لە (ابن تیمیه) کە کۆمەڵێك نوێژی نیوەڕۆ دەکەن بەجەماعەت، کەسێکیش ویستی نوێژی بەیانی بکاتەوە بەقەزا لەگەڵیاندا، کاتێ ئیمام هەڵدەستێتەوە ئەو سەلام دەداتەوە، ئایا ئەم نوێژە تەواوە، وەچ بۆچونێك بەڕاستی دەزانێت؟

(ابن تیمیه)ش لەوەڵامدا فەرموی: ئەم نوێژە دروست نیە لەبۆچونی ابو حنیفەو پێشەوا مالك وپێشەوا ئەحمەد لەڕیوایەتێکیدا بەڵام لای پێشەوا شافعی دروستەو لای پێشەوا ئەحمەدیش لەڕیوایەتەکەی تریدا مجموعة الفتاوی 220/23 .

هەروەها بەڵگەیەکی تریشمان هەیە کە پێشەوا مالك لە(نافع)ەوە ئەویش لە عبدالله ی کوڕی عمرەوە دەگێڕێتەوە کە عبدالله ئەگەر نوێژی لەدوای ئیمامێکەوە بکردایەوخۆی (مسافر) بوایەو ئیمامیش نیشتەجێ، چوار ڕکاتی لەدوای ئەو ئیمامەوە دەکرد، بەڵام ئەگەر خۆی بەتەنها نوێژی بکردایە ئەوا دو ڕکاتی دەکرد. الموطا 150/1

هەروەها لەفەتوایەکی (اللجنة الدائمة)ی سعودیەدا هاتوە کەسێك پرسیار دەکات ودەڵێت: هاتم بۆ مەککە بەنیەتی حەج وعەمرە ولەنێوان نوێژی نیوەڕۆو عەسردا چومە ناو حەرەمەوە بۆ ئەوەی کە (طواف) بکەم و لەوکاتەدا بانگی عەسرو قامەت بۆ عەسر هاتە پێشەوە منیش نوێژی نیوەڕۆم نەکردبو نیەتم هێنابو لەگەڵ عەسردا کۆی بکەمەوە، دەست کرا بەنوێژی عەسرو منیش لەنێوانیاندا مامەوەو بوارم نەبو لەوکاتەدا نوێژەکانم بەتەرتیب بکەم، نیەتی دو ڕکات نوێژی نیوەڕۆو دو ڕکات نوێی عەسرم هێنا لەگەڵ جەماعەتدا، وەدوای ئەوەی نوێژمان تەواو کردو (طواف)ەکەم تەواو کرد، لەحەرەم هاتمە دەرەوەو نوێژەکەم کردەوە بەتەرتیب دو ڕکات نیوەڕۆو دو ڕکات عەسر، حوکمی ئەم نوێژەی کەمن کردومە بەم شێوازە چیە؟ .

وەڵام: .. باشتر وابو بۆت لەو کات وساتە تەسکەدا کە خۆت باست کرد، نوێژت

بکردایە لەگەڵ جەماعەتدا بەنیەتی نیوەڕۆو پاشان نوێژی عەسرت بکردایە بە(قصر) واتە : دو ڕکات، وەهەروەها لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا هاتوە پەیوەندی بەباسەکەمانەوە هەیە کە کردنی نوێژە بە(قصر) لەدوای کەسێکەوە کە (إتمام) دەکات بۆ ئەم شێوازە لەوەڵامدا فەرمویانە دروست نیە (جائز) نی‌یە ئەو نوێژە بەم شێوەیە .اللجنة الدائمة

پێشەوا شنقیطی ئەفەرموێت (اجماع العلماء علی ان المسافر اذا اقتدی بمقیم لزمه الاتمام ولو كان القصر واجبا لما جاز صلاة اربع خلف الامام 363/1 واتە : کۆ رای زانایان لەسەر ئەوەیە کە موسافر ئەگەر لەدوای نیشتە جێیەکەوە نوێژی کرد پێویستە چوار بکات جا ئەگەر نوێژ کورت کردنەوە واجب بوایە دروست نەبو بەدوای ئیمامەوە چوار ڕکات بکات

دوانزەیەم/ حوکمی نوێژی سوننەت لەسەفەردا :.

جەماوەری زانایان لەسەر ئەوەن کە کردنی سوننەتەکان لەسەفەردا دروستە بۆ ئەو کەسەی کە نوێژی کورت دەکاتەوە، هەروەها دروستیشە کەنەیکات بەو مەرجەی تەمەڵی لە پەرستنەکاندا نەبێت، بەڵام لەهەمان کاتدا هەمویان یەکدەنگن لەسەر سوننەتێتی سوننەتە (مطلق)ەکان، واتە : ئەو سوننەتانەی کە ڕاتب نین، هەروەکو پێشەوا ئەوەوی لەشەرحی (صحیح)ی مسلم دا باسی کردوە، تحفة الاحوذی 96/3.

بەڵگەی ئەوەی کە دروستە لەسەفەردا ئەو سوننەتانە نەکەیت کە لەگەڵ فەرزەکاندان عبدالله یکوڕی عمر دەفەرموێت: هاوەڵی پێغەمبەرم کردوە ﷺ لەسەفەردا لەدو ڕکاتە فەرزەکە زیاتر هیچی تری نەدەکرد، هەروەها ئەبوبەکرو عمرو عوسمانیش بەهەمان شێوە، خوایان لێ ڕازی بێت، پێشەوا بوخاری ڕیوایەتی کردوە لەگەڵ (باب من لم یتطوع في السفردبر الصلاة وقبلها) فتح الباری 288/3.

هەروەها پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لەمسندەکەیدا دەیگێڕێتەوە که پێغەمبەر ﷺ لەسەفەردا لەپێش نوێژە فەرزەکەو دوایەوە هیچ نوێژێکی تری نەدەکرد، دیارە نوێژی چێشتەنگاو شەو نوێژو دو ڕکاتی پێش نوێژی بەیانی کردوە، وەك دێینە سەری، بۆ ئەوەی یەکێك ئەیکاتە بەڵگە لەسەفەردا، شەو تابەیانی بخەوێت، یان بە هیچ شێوەیەك نوێژی چێشتەنگاو نەکات، یان سوننەتی دەست نوێژ یان (تحیه المسجد) ..

پێشەوا بوخاری دەفەرموێت: باب (من تطوع في السفر في دبر الصلاة وقبلها وركع النبي ﷺ ركعتي الفجر في السفر) واته: ئەوەی که سوننەت دەکات لەسەفەردا لەغەیری دوای نوێژە فەرزەکان وپێشیان، وەپێغەمبەر ﷺ دو ڕکاتەکەی پێش نوێژی بەیانی کردوە، عبدالله ی کوڕی عامر لەباوکیەوە ئەیگێڕێتەوە که پێغەمبەرم ﷺ بینیوە کە شەو نوێژی کردوە لەسەفەردا لەسەر پشتی ولاخەکەی بۆ هەر شوێنێك بڕۆیشتایە . فتح الباری 290/3 پێشەوا ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە (مسند)ەکەیدا ژمارەی فەرمودەکە (15118) هەروەها پێغەمبەر ﷺ لەڕۆژی فتحدا هەشت ڕکات نوێژی چێشتەنگای کرد. فتح الباری 290/3 .

هەروەها (أبو داود)و (ترمذی) لەبرائی کوڕی عازبەوە که دەفەرموێت: (هەژدە جار سەفەرم لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ کردوە نەمبینیوە دو ڕکاتی پێش نیوەڕۆ وازی لێ بێنێت، ئەم فەرمودەیەش پێشەوا بوخاری بە(حسن)ی لەقەڵەم داوە، هەروەکو پێشەوا (ترمذی) ئیوەی دەگێڕێتەوە، سەیری تحفة الاحوذی 95/3 بکە

هەروەها پێشەوا مالك دەفەرموێت: لە(باب: صلاة النافلة في السفر بالنهار والليل والصلاة على الدابة) واتە: باسی نوێژی سوننەت لەسەفەردا بەڕۆژو بەشەو نوێژ کردن لەسەر ولاغ .

پێشەوا مالك دەفەرموێت: پێم گەیشتوە که (قاسم)ی کوڕی محمدو عروەی کوڕی زبێرو (ابوبکر)ی کوڕی عبدالرحمن، که لەسەفەردا سوننەتیان دەکرد (یحیی)

دەفەرموێت: پرسیار کرا لە پێشەوا مالك دەربارەی سوننەت لەسەفەردا ، وتی: دروستە لەشەو ڕۆژا وە پێم گەیشتوە کە هەندێك لەزانایان سوننەتیان کردوە الموطا 150/10   کەواتە ماوەتەوە سەر ئەوەی کە چۆن ئەو فەرمودانە ڕێك بخەین، بەتایبەتی فەرمودەکەی عبدالله ی کوڕی عمر، کە کۆمەڵێکی بینی سوننەتیان دەکرد وتی: ئەوە چی دەکەن؟ وتیان: نوێژی سوننەت دەکەین، وتی: ئەگەر سوننەتم بکردایە چوار ڕکاتم دەکرد، سەیری (إرواء الغليل) بکە فەرمودەی ژمارە (563) 3/3 .

ابن قیم دەفەرموێت: (سەبارەت بەسوننەتەکانی پێش نوێژە فەرزەکان ودوایان لەسەفەردا، پێشەوا ئەحمەد دەفەرموێت: کردنی نوێژە سوننەتەکان لەسەفەردا ئاسایی‌یەو هیچی تیادا نی‌یە – واتە: دروستە- وەلە (حسنی بصری)یشەوە ڕیوایەت کراوە کە دەفەرموێت: هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ سەفەریان دەکردو پێش نوێژە فەرزەکان و دوایان نوێژی سوننەتیان دەکرد، ئەمەش(واتە: کردنی نوێژی سوننەت لەسەفەردا) ڕیوایەت کراوە لە پێشەوا (عمر وعلی وجابر ومسعود وانس وابن عباس وابوذر)و کۆمەڵێکی زۆر لەتابیعیەکان، ئەمەش وتەی پێشەوا (مالك وشافعی وئیسحاق وابو ثور وابن المنذر)ە ، بەڵام (ابن عمر) سوننەتی نەدەکرد لەسەفەردا نەلە پێش فەرزەکان ونەلەدوای فەرزەکانەوە، تەنها لەشەودا نەبێت ئەویش شەو نوێژی دەکرد، ئەمەش لە(سعید)ی کوڕی (مسیب)و (سعید)ی کوڕی جبیر) وعلی کوڕی حسین، ئەویش لەبەر ئەو ڕیوایەتەی کەلە (ابن عمر)ەوە دەگێڕنەوە کەلە پێشەوە باسمان کرد ..

بەڵگەش لەسەر بۆچونی کۆمەڵی یەکەم (ئەوانەی کە پێیان وایە سوننەت لەسەفەردا دەکرێت) ئەوەیە کە (ابن عباس) دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ نوێژی فەرزی کرد لە نیشتەجێیدا وئێمەش لە پاش ولە پێشیانەوە نوێژی سوننەتمان دەکرد، هەروەها ئێمە لەسەفەریشدا نوێژی سوننەتمان دەکرد لە پاش و پێشی

نوێژه فەرزەکانەوه. (ابن ماجە)ڕیوایەتی کردوه. هەروەها ڕیوایەتەکەی برانی کوڕی عازبیش کەلە پێشەوه باسمان کرد. بەڵگەیە بۆ کۆمەڵی یەکەم. جانەم ڕیوایەتانە وڕیوایەتەکەی (حسنی بصری) بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە دروستە کردنی نوێژی سوننەت لەسەفەرداو فەرمودەکەی (ابن عمر)یش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دروستە تەرك کردنی نوێژی سوننەت لەسەفەردا، بەم شێوەیە دەتوانین کار بە هەمو ڕیوایەتەکان بکەین وڕێکیان بخەین. والله أعلم. المغنی2/141-142 وزاد المعاد 1/456-457 وعون المعبود 4/64 وفقه السنة 1/288

بەڵام ئەوەی جێی تێڕامانە - هەرلە (ابن عمر)ەوه ڕیوایەت هەیە لەسەر کردنی سوننەت لەسەفەردا لەوانەش (ابن عمر) دەفەرموێت: نوێژم کرد لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ نوێژی نیوەڕۆ لەسەفەردا بەدو ڕکات پاشان لەدوایشیەوه دو ڕکات. پێشەوا (ترمژی) دەفەرموێت: ئەم فەرمودەیە فەرمودەیەکی (حسن)ە هەروەها (ابن عمر) دەفەرموێت: نوێژم کردوه لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ لەکاتی نیشتەجێی ولەکاتی سەفەردا - لەکاتی نیشتەجێیدا دو ڕکاتم دەکرد لە پێشیەوه ودو ڕکاتیش لە پاشیەوه. وەلەسەفەریشدا نوێژی نیوەڕۆم کرد لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بەدوڕکات ولەلەدوایشیەوه دو ڕکات- نوێژی عەسریشم کرد لەگەڵیاندا هەر بەدو ڕکات ولەدوایشیەوه هیچ نوێژی نەکرد. وەنوێژی (مغرب)یشم کردوه لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بەسێ ڕکات لەنیشتەجێی ولەسەفەردا وەکو یەك و(مغرب)یش ویتری ڕۆژە. پاشان لەدوایشیەوه دو ڕکاتم کرد لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ واتە: لەدوای (مغرب)ەوه پاشان پێشەوا (ترمذی) دەفەرموێت: ئەم فەرمودەیە فەرمودەیەکی (حسن)ە. وەبیستومە لە پێشەوا بوخاریەوه کە دەیفەرمو: (ابن ابی لیلی) هیچ فەرمودەیەکی ڕیوایەت نەکردوه وەکو ئەم فەرمودەیەی بەلامەوه (باش) بێت. تحفة الاحوذی 3/97-98.

لەکۆتایدا ئەوەی کەماوه کەلەم خاڵەدا باسی بکەین ئەوەیە کە زانایان یەکدەنگن لەسەر تەرك کردنی نوێژی سوننەت لە(مزدلفە)دا. هەروەکو (ابن

المنذر) باسی کردوه .. (نقل ابن المنذر الاجماع على ترك التطوع بين الصلاتين بالمزدلفة) نيل الاوطار و(الثمرات الجياد) مەبەستيش لەم خاڵەدا زياد كردنی پەرستنەكانمانە وتەمەڵی نەكردنە لەنوێژەكان ودەست كەوتنی پاداشت ونزيك بوونەوەيە لەخوا (لايزال عبدي يتقرب اليّ بالنوافل حتى أحبه) رواه مسلم .

هەروەها عبدالله ی كوڕی عمر ڕەزای خوایان لێ بێت عبيدالله ی كوڕی سوننەتی دەكرد نينكاری نەدەكرد، وەك پێشەوا مالك دەفەرموێت: (بلغني عن نافع ان عبدالله بن عمر كان يرى ابنه عبيدالله يتنفل في السفر فلا ينكر عليه) واتە: پێم گەیشتوە لە نافعەوە كەعبدالله ی كوڕی عمر عبيدالله ی كوڕی سوننەتی لەسەفەردا دەكرد نينكاری لێ نەكرد. سەيری (الترغيب والترهيب) بكە .مشكاة المصابيح 423/1

شيانزەهەم / ئايا نوێژی فەرز لەناو تەيارەو سەيارەدا دەكرێت؟

بنچينەو (أصل) وايە كە پێغەمبەر ﷺ لەسەفەردا ئەگەر سوننەتی بكردايە لەسەر وڵاخەكەی دەيكرد، هەروەها شەو نوێژيشی لەسەر وڵاخەكەی دەكرد، ئەويش بەم شێوەيە دەكرێت كە سەرت لەسەر وڵاخەكە دانەنێيت، بەڵكو دەبێت ركوع وسجودەكە هەر بەسەر بێت وبەنيشارەت، هەروەك لە(أنس)ەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ڕيوايەت كراوە. بڕوانە (عون المعبود) 66/4 و(زاد المعاد) 329/1 .

زانا (ابو الطيّب) كە شەرحی (سنن)ی (ابوداود)ی كردوە دەفەرموێت:

(. بەكورتی كردنی نوێژە فەرزەكان لەسەر وڵاخ دروستە لەكاتی بونی عوزردا لەو عوزرانەش: باران وترس لەدوژمن وگيانداری دڕندەو نەتوانينی دابەزين لەسەر وڵاخەكە لەبەر لاوازی..) (عون المعبود) 66/4 . هەروەها ئەم زانا بەڕێزە

لەشوێنێکی تردا هەر لەم بارەیەوە دەفەرموێت: (.. دروستە کردنی نوێژی فەرز بەسەر وڵاخەوە، ئەویش لەبەر ئەو ڕیوایەتەی کە پێشەوا ئەحمەد لە(مسند)ەکەیدا و(دار القطنی) و(ترمذی) و(النسائی) و(یعلی)ی کوڕی (مرة)ەوە ڕیوایەتیان کردوە بەم شێوەیە کە پێغەمبەری خواو ﷺ هاوەڵەکانی گەیشتنە شوێنێك کە ئاوی تێدا بو لەنێوان دو پارچە زەویداو شوێنەکەش تەسك بو، جا پێغەمبەر ﷺ لەسەر وڵاخەکەی بو سەریان باران بو ژێریشیان تەڕایی بو، کاتی نوێژ هات و پێغەمبەریش ﷺ فەرمانی کرد بەبانگ بێژ کە بانگ بدات وقامەت بکات، پاشان پێغەمبەر ﷺ پێش کەوت ونوێژی بۆ ئەو هاوەڵانەی کرد کەلەگەڵیدا بون، بەئیشارەت بەڵام لەکاتی (سجود) دا سەری زیاتر دائەنەواند وەك لەکاتی (رکوع) دا پێشەوا (ترمذی) دەربارەی ئەم فەرمودەیە دەفەرموێت: (حدیث غریب تفرد به عمرو بن میمون بن الرماح البلخي لایعرف الامن حدیثه، وقد روی عنه غیر واحد من أهل العلم) پاشان دەفەرموێت: هەر لەم بارەیەوە ڕیوایەت کراوە لە(أنس)ی کوڕی مالکەوە کە نوێژی کردوە لەسەر وڵاخەکەی لەناو ئاو و قوڕدا، زانایانیش ئیش لەسەر ئەمە دەکەن وئەمەش بۆچونی پێشەوا ئەحمەدو ئیسحاقە ... ، (ابن تیمیه) لە(شرح الاحکام)دا دەفەرموێت: ئەم فەرمودەیە وانای فەرمودەکەی پێشوی پێشەوا (عبدالحق) بە (صحیح)ی لەقەڵەم داوەو پێشەوا ئەوەیش دەفەرموێت: (حسن)ە و(بیهقی)یش دەفەرموێت: لاوازە، فەرمودەکەش بەڵگەیە بۆ ئەو زانایانەی کە دەفەرمون نوێژی فەرز دروستە بەسەر وڵاخەوە هەروەکو چۆن لەناو کەشتیدا دروستە بە کۆڕاویەکلەتگی زانایان، .هەروەها لەشوێنێکی تردا لە(شرح الاحکام) دا دەفەرموێت: ئەم فەرمودەیە بەڵگەیە لەسەر دروستێتی کردنی نوێژی فەرز بەسەر وڵاخەوە، وەهەندێ لەو مەرجانەشی کەلەلایەن هەندێکەوە بەمەرج گیراوەبۆ کردنی نوێژی فەرز بەسەر وڵاخەوە هیچ بەڵگەیان لەسەر نییە تەنها هەندێ (عموم)یات نەبێت، بەم فەرمودەیە تایبەت دەکرێن، وەئەوەشی کەلەفەرمودەکەدا هاتبێت

تەنها عوزری باران وتەری زەویە. جا ئەوەی بەهێز بێت ئەوەیە کەدروستە کردنی نوێژی فەرز بەسەر ولاخەوە لەسەفەردا بۆ کەسێك ئەو عوزرەی هەبێت کەلەفەرمودەکەدا هاتوە تادمگاتە ئەو شوێنەی کە دەفەرموێت پێشەوا (ترمذی) ریوایەتی کردوە لە پێشەوا ئەحمەدو ئیسحاقەوە. کەدەفەرمون: دروستە کردنی نوێژیفەرز بەسەرولاخەوە ئەگەر (مسافر) هیچ شوێنێکی نەبینیەوە بۆ ئەوەی دابەزێت ونوێژەکەی بکات. بڕوانە (عون المعبود) 4/67-68 .شرح حديث رقم 1225

هەر لەم بارەیەوە لیژنەی فەتوای سعودی چەند فەتوایەکی هەیە لەوانە:

1- پرسیاری یەکەم لە فەتوای ژمارە (5926) دا ، پرسیارەکە بەم شێوەیە: دروستە کردنی نوێژ بەسوارییەوە لەسەر ولاخ، لەکاتێکدا من حاڵم وابوە،کەمن لەشوێن وجێگایەکدا بوم کەجێی ترسە؟ وەلامەکەی: دروستە کردنی نوێژی فەرز بەسوارییەوە لەسەر ولاخ، جا وەستاو بێت یان رێ بکات، ئەمیش لەبەر بونی عوزرەکانی وەکو قوڕو باران وهاوشێوەکانیان، بەلگەش لەسەری فەرمودەکەی (یعلی)ی کوری (مرة)یە کە لە پێشەوە باسمان کرد .. هەروەها دروستە کردنی نوێژی فەرز لەسەرولاخ، ئەگەر بێت وئەو کەسە بترسێت لەوەی کەلەسەفەرەکەی دوا دەکەوێو هاوەلەکانی بەجێی بهێلن، یان بترسێ لە دوژمن کەزیانی پێ بگەیەنن، یان نەتوانێ دابەزێ، بەلام پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە نوێژ لەسەر ولاخ دەکات رو بکاتە (قبلة) چەندێك دەتوانێ، وەپێویستیشە لەسەری کە (رکوع)و (سجود) ببات، بەلام (سجود)ەکەی نزمتر بێت لە(رکوع)ەکەی، لەبەر ئەو فەرمودەی کەلە پێشەوە هێناومانەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی کە خوای گەورە کە دەفەرموێت:﴿ فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾ وبالله التوفيق 8/125-126 فتاوى اللجنة الدائمة .

فەتوای ژمارە (2645)، کورتەو پوختەی پرسیارێکە ئەوەیە کە دەڵێت: حوکمی کردنی نوێژی فەرز لەناو تەیارەدا؟

وەلامەكەی: دروستە بۆ موسلمان كە نوێژ بكات لەناو تەیارەدا، لەبەر گشتێتی ئەو بەڵگانەی كە بەڵگەن لەسەر واجبێتی كردنی نوێژ ئەگەر كاتەكەی هاتە پێشەوە، وەجیاوازیش نییە لەنێوان وشكایی و بەحرو بون لەوشكانیدا، جا ئەو كەسەی كە نوێژ دەكات لەناو تەیارەدا پێویستە لەسەری ڕو بكاتە (قبلة) چەندێك لەتوانایدا هەیە، جا ئەگەر تەیارەكە ڕێڕەوەكەی خۆی لە(قبلة) لایدا لەكاتی نوێژی (مسافر)ەكەدا، ئەوا (مسافر)ەكە بەردەوام دەبێت لەنوێژەكەیدا وەهەتا بتوانێت ڕوی بكرێت، ئەگەر تەیارەكە لایداو ئەم چەندی پێ كرا ڕوی كردە (قبلة) ئەوا ئەو كەسە هیچ تاوان وگوناهێكی لەسەر نییە، لەبەر گشتێتی ئەو بەڵگانەی كەبەڵگەن لەسەر ئاسانی شەریعەتی ئیسلام لەوانەش:﴿ لاَ تُكَلَّفُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا﴾ وبالله التوفيق .. 128/8 . فتاوی اللجنة الدائمة .

جالەژێر ڕۆشنایی ئەو فەرمودەی كەلەسەرەوە هێنامانەوە لەگەڵ وتەی ئەو زانایانەی كەلەسەر فەرمودەكە هێنامانەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە كە نوێژ كردن لەناو تەیارەو قیتاردا هەمان حوكمی هەیە، چونكە ناتوانی دابەزێتە سەر زەوی بیكەیت، هەروەها ئاساییە كردنی نوێژی فەرز لەناو تەیارەدا لەكاتی جیهاددا، چونكە جۆرێكە لەجۆرەكانی ترس، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالاً أَوْ رُكْبَانًا﴾ والله تعالى أعلم . سەیری (المدونة الكبری) بكە 117/1

چوارەدەیەم / بانگ دان لەسەفەردا :

لەعوقبەی كوڕی (عامر)ەوە كە دەفەرموێت: بیستم لە پێغەمبەری خوا ﷺ كە دەیفەرمو: خوای گەورە پێی خۆشە كاتی كە شوانێ لەگەڵ مەڕو ماڵاتێك لەسەر شاخێك بانگ دەدات بۆ نوێژو نوێژ دەكات لەو شوێنەدا، پاشان خوای پەروەردگار دەفەرموێت: سەیری بەندەكەم بكەن كە چۆن بانگ دەدات وقامەت دەكات بۆ نوێژەكەی ئەوەشی كەوای لێ كردوە ترسیەتی لەمن، ئەوا منیش لێی خۆش بوم وخستمە بەهەشتەوە. سەیری (عون المعبود) بكە .50/4 .

عن مالك بن الحويرث قال اتى رجلان النبي ﷺ يريدان السفر فقال النبي ﷺ اذا انتما خرجتما فاذنا ثم اقيما ثم ليؤمكما اكبركما) رواه البخاري ، الموطء 50/4

پانزەیەم / قورئان خوێندن لە سەفەردا :

لەبەرپانی کوری عازبەوە دەفەرموێت: دەرچوین لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ لەسەفەرێك لەسەفەرەكانیدا، نوێژی عیشا هاتە پێشەوەو نوێژەكەی بۆ كردین ولەیەكێك لەركاتەكانیشیدا (والتین والزیتون)ی خوێند. رواه أبوداود. پێشەوا (ترمذي) دەفەرموێت: پێشەوا بوخاری ومسلم والنسائی و ابن ماجه بەهەمان شێوە ریوایەتیان كردوە. (عون المعبود) 63/4 فەرمودەی ژمارە (1218) .

هەر لەم بارەیشەوە فەرمودەی ترمان هەیە كە پێغەمبەر ﷺ لەسەفەرێك لەسەفەرەكایدا هەردو سورەتی (الفلق)و (الناس)ی خوێندەوە، جا لەم ریوایەتانە كە لەپێغەمبەرەوە ﷺ پێمان گەیشتوە بۆمان دەردەكەوێت كە سوننەتە لەسەفەردا ئەو قورئانەی كە دەخوێنرێت لەنوێژەكاندا كەم بێت . والله أعلم. سەیری (صفة الصلاة) بكە . بەلآم خوای گەورە پێی خۆشە لە سەفەردا ئەو نوێژ بكەیت و قورئانی زۆری تیا بخوێنی واتە بۆخۆت بەتەنها بۆت هەیە نوێژەكە درێژ بكەیتەوە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : (ثلاثة يحبهم الله ، وثلاثة يشنؤهم الله : الرجل يلقى العلو في فئة فينصب لهم نحره حتى يقتل او يفتح لأصحابه . والقوم يسافرون فيطول سراهم حتى يحبوا ان يمسوا الارض ، فينزلون فيتنحى احدهم حتى يوقضهم لرحيله والرجل يكون له الجار يؤذيه جاره فيصبر على اذاه حتى يفرق بينهما موت او ظعن والذين يشنؤهم الله التاجر الحلاف والفقير المختال والبخيل المنان) صحيح الجامع الصغير 17/2

شانزەهەم / ئەگەر كەسێك لەتەیارەدا بو كاتێك لەشوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر سەفەر بكات وهەر رۆژ بێت،

ئایا ئەم کەسە چی بکات سەبارەت بە نوێژە فەوتاوەکانی شەوەوە:

ئەم سەرباسە کورتەی پرسیارێکە کە کەسێك کردویەتی لەلیژنەی فەتوای سعودی، کاتێك سەفەری کردوە لەئەمەریکاوە بۆ یابان ولەوێشەوە بۆ (ئەندۆنیسیا)و شەوی بەسەردا نەهاتوە، تەنها ڕۆژی بینیوە کاتێك گەیشتوەتە هەر وڵاتێك لەو وڵاتانە، جالیژنەش بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە:

پرسیاری یەکەم لەفەتوای ژمارە (13503) وەڵامەکەی: پێویستە لەسەر ئەم کەسە کە حاڵی ئاوا بوە ئەو نوێژانەی کە ڕۆشتوە بیگێڕێتەوە دەست بەجێ، بەڵام سەبارەت بە داهاتووەوە- واتە: ئەگەر هەمان حاڵەت بەسەردا هات - ئەوا پێویستە هەمو نوێژێك لەکاتی خۆیدا بکەیت ئەویش بەدیاری کردنی کاتەکانی نوێژو خەمڵاندنی بەسەعات، ئەگەر چی هەر لەناو تەیارەکەشدا بێت. فتاوی اللجنة الدائمة 105/8

حەڤدەیەم / ئەگەر کەسێك پێش سەفەر کردنی کاتی نوێژی نیوەڕۆ یان عەسر یان عیشای بەسەرداهات وپاشان دەستی کرد بەسەفەرەکەی ونوێژەکەی نەکرد لەشوێنی خۆی ئایا ئەم کەسە نوێژەکەی بە(قصر) دەکات یان بە (إتمام)؟.

دیسان ئەم سەرباسەش کورتەی پرسیاری کەسێکی سعودیە کە کاتێ نوێژی عیشای بەسەردا هاتوە پاشان سەفەری کردومو نوێژی عشیای لەشوێنی خۆی نەکردومو کاتێ گەشتوەتە ئەو شوێنەی کەسەفەرەکەی بۆ کردوە نوێژەکەی عیشای بەچوار ڕکات کردوە جا پرسیارەکەی بەم شێوەیە دەڵێت: ئایا دروست بو

بۆم ئەگەر نوێژەکەی عیشام بە(قصر) بکردایە واتە :-دو ڕکات-؟
لیژنەی فەتوای سعودیش بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە.

فەتوای ژمارە (7553) وەڵام، نوێژەکەی عیشات کە بەچوار ڕکات کردوتە تەواوە، بەلام ئەگەر کورتت بکردایەتەوەو دو ڕکاتت بکردایە باشتر بو بۆت وخێری زیاتر بو . فتاوی اللجنة الدائمة 107/8

پێشەوا (ابن قدامة) لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ئەگەر کەسێك سەفەری کرد دوای ئەوەی کاتی نوێژ هاتبو ئەوا پێشەوا (ابن عقیل) دەفەرموێت، دو ڕیوایەتی لەسەرە، یەکەمیان دەڵێت: بۆی هەیە بە(قصر) بیکات، دوەمیشیان دەڵێت: بۆی نی‌یە بە(قصر) بیکات، (ابن المنذر)یش دەفەرموێت، (ئەو زانایانەی کە ئیمە زانستمان لێ وەرگرتون هەمویان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کەبۆی هەیە ئەم کەسە نوێژەکەی بە(قصر) بکات، ئەمەش وتەی پێشەوا مالك وئەوزاعی وشافعی وحەنەفیەکانە . (المغنی مع شرح الکبیر)128/2

لەم فەتوایانە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە ئەگەر کەسێك ویستی سەفەر بکات وکاتی نوێژێك لەنوێژە چوار ڕکاتیەکانی هات بەسەرداو ئەیکرد هەتا دەستی کرد بەسەفەرەکەی ولەسەفەرەکەشیدا کاتی نوێژەکە مابو ئەوا سوننەتە ئەو کەسە (مسافر)ە نوێژەکەی کورت بکاتەوە ئەك وەك خۆی بیکات . واللە أعلم

هەژدەیەم /ئایا دروستە نوێژ لەناو تەیارەدا یان سەیارەدا بەدانیشتنەوە لەبەر شەرم ؟.

ئەم سەرباسەش دیسان کورتەی پرسیارێکە کەلەلیژنەی فەتوای سعودی کراوە وەلامەکەشی بەم شێوەیە،

پرسیاری حەوتەم لەفەتوای ژمارە (12087) وەلامەکەی (دروست نی‌یە نوێژ کردن بەدانیشتنەوە لەناو تەیارەو غەیری تەیارەشدا ئەگەر بتوانی بە پێوە نوێژ

بكەيت، چونكە خواى گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقُومُواْ لِلَّهِ قَانِتِينَ﴾ هەروەها پێغەمبەرى خوا ﷺ بەعیمرانى كوڕى حوصەینى فەرمو: ئەگەر توانیت ئەوا بە پێوە نوێژەكەت بكە ئەگەر نەتوانى بە پێوە بیكەى ئەوا بەدانیشتنەوە بیكە، وەئەگەر نەتوانى بەدانیشتنەوە بیكەیت ئەوا لەسەر لا بە پالكەوتنەوە نوێژەكەت بكە لەریوایەتێكى پێشەوا(النسائى)دا هاوتوە دەفەرموێت: خۆ ئەگەر نەشتوانى لەسەر لا ئەوا لەسەر پشت نوێژەكەت بكە . وبالله التوفيق فتاوى اللجنة الدائمة. 126/8

نۆزدەیەم / ئەگەر كەسێك لەشوێنى خۆیدا بو خەوت ولەكاتى خەوەكەیدا هەندێ لە نوێژەكانى بڕوات وپاشان سەفەر بكات ئایا لەسەفەركەى وشوێنى سەفەرەكەیدا نوێژەكانى بە(قصر) دەكات یان بە(إتمام) ؟.

ئەم سەرباسەش دیسان كورتەى سەر پرسیارێكە كە لەلیژنەى فەتواى سعودىكراوە، وەلامەكەشى بەم شێوەیەیە :

پرسیارى پێنجەم لەفەتواى ژمارە (8290) وەلامەكەى پێویستە لەسەر ئەو كەسەى كە نیشتە جێیەو خەوتوەو لەكاتى خەوەكانیدا هەندێ لە نوێژەكانى ڕۆیشتوە نوێژەكانى وەكو خۆى بكات ئەگەر چى لەكاتى سەفەرەكەیشیدا بیریكەوێتەوە، چونكە كاتێ كەلەسەرى واجب بوە ئەو نیشتەجێ بوە نەك (مسافر) وبالله التوفيق.. فتاوى اللجنة الدائمة 145/8 .

هەر لەم بارەشەوە پێشەوا (إبن قدامة) لە(مغنى)دا دەفەرموێت، ئەگەر كەسێك نیشتەجێ بو نوێژەكەى بیر چو كەلەشوێنى خۆى بیكات ولەكاتى خۆیدا پاشان سەفەرى كردو لەسەفەرەكەیدا بیرى هاتەوە ئەوا بەكۆڕاى زانایان دەڵێن،

نوێژەکەی بە(إتمام) واتە: وەکو خۆی بکات هەتا دەگاتەنەو شوێنە کە دەفەرموێت: ئەلام ئەگەر کەسێك (مسافر) بێت نوێژەکەی لەسەفەردا لەبیر بچێت دوای ئەوەی کە گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی بیری بکەوێتەوە ئەوا پێشەوا ئەحمەد دەفەرموێت: پێویستە نوێژەکەی بە(إتمام) بکات(احتیاطا) ئەمەش وتەی پێشەوا (ئەوزاعی)و (شافعی)و لەریوایەتێك لێوەی. بەلام پێشەوا (مالك)و (ثوری)و حەنەفیەکان دەفەرمون: نوێژەکەی بە(قصر) دەکات. چونکە ئەو کەسە ئەو نوێژە دەگێرێتەوە کە رۆشتوە، ئەوەشی کەرۆشتوە دو رکاتەنەك چوار. سەیری (المغنی مع الشرح الکبیر) بکە 127/2

بیستەم / ئەگەر کەسێك دو ماڵی هەبێت لەدو شاری جیاوازدا، ئایا بۆی هەیە (قصر) بکات کاتێك لەمیانەوە بچێت بۆ ئەویان یان چۆن؟.

ئەم سەرباسە کورتەی پرسیارێکە کەلەلیژنەی فەتوای سعودی کراوە، وەلامەکەشی بەم شێوەیە:

پرسیاری چوارەم لەفەتوای ژمارە (6497) وەلامەکەی: ئەگەر حاڵی‌ئەو کەسە ئاوا بێت بەو شێوەیەی کە لەپرسیارەکەدا هاتوە بەوەی کەهەردو ماڵەکەی شوێنی نیشتەجێی بێت، ئەوا ئەو کەسە بۆی نی‌یە وەکو (مسافر) سەیری خۆی بکات وئەو شتانەی کە بۆ (مسافر) رێ دراوە بۆ ئەویش رێ بدرێت لەکورت کردنەوەی نوێژو غەیری ئەویش. بەلام ئەم کەسە بۆی هەیە وەکو (مسافر) سەیری خۆی بکات کاتێك لەکاتی سەفەرەکەیدایە لەمیانەوە بۆ ئەمیان. ئەگەر بێت وماوەی نێوانیان ئەوەندە بێت کەبشێت بۆ ئەوەی کە نوێژی تیا کورت بکرێتەوە، ئەوماوەیەش نزیکەی (80) کیلۆ مەترە.. وبالله التوفیق .. فتاوی اللجنة الدائمة 147/8.

لەم فەتوایانەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کەئەو کەسە ئەگەر لەهەرماڵێك لەماڵەکانی بێت ئەوا بۆی نییە نوێژەکانی بە(قصر) بکات، بەلأم لەکاتی سەفەرەکەیدا لەمیانەوە بۆ ئەویان بۆی هەیە نوێژەکانی کورت بکاتەوە والله أعلم .

بیست ویەکەم / ئەگەر کەسێك نوێژی نیوەڕۆی دوا بخات بۆلای عەسرو پێش ئەوەی کاتی عەسر بێت ئەم کەسە (مسافر)ە بگاتەوە شوێنی خۆی، ئایا نوێژەکەی نیوەڕۆ بە(قصر) دەکات یان چۆن؟.

ئەم سەرباسە کورتەی پرسیارێکە کەلەلیژنەی فەتوای سعودی کراوە، وەلأمەکەشی بەم شێوەیە :

پرسیاری یەکەم فەتوای ژمارە (6307) وەلأمەکەی:نوێژەکەی نیوەڕۆت وەکو خۆی دەکەیت،واتە چوار ڕکات، چونکە تۆ گەیشتویتەوە شوێنی خۆت پێش ئەوەیکاتی نیوەڕۆت بڕوات وکاتی نوێژی عەسر بێت، جالەبەر ئەوەی حاڵەکە ئاوایە تۆ حوکمی نیشتەجێت هەیە نوێژەکەت بە(إتمام) دەکەیت وبالله التوفیق فتاوی اللجنة الدائمة 151/8.

بیست ودوەم / ئەگەر کەسێك لەسەفەردا بێت وبزانێت نوێژی عیشا دەگاتەوە شوێنی خۆی، ئایا ئەم کەسە بۆی هەیە عیشا لەگەڵ مەغربدا (جمع) بکات ؟.

هەروەهائەم سەرباسە کورتەی پرسیارێکە کەلەلیژنەی فەتوای سعودی کراوە، وەلأمەکەشی بەم شێوەیە :

پرسیاری سێیەم لەفەتوای ژمارە (3322) وەلأمەکەی: کاتێك

کەلەسەفەرەکەتدای واجب نییە لەسەرت کەنوێژەکەی عیشات کورت بکەیتەوە وبە(جمع) لەگەڵ مەغریبدا بیکەیت، بەڵکو دەتوانیت نوێژەکەیمەغریت لەکاتی خۆیدا بکەی وعیشاش لەکاتی خۆیدا کاتێ کە دەگەڕێیتەوە شوێنی خۆت بەچوار ڕکات، بەلام ئەگەر بێت ونوێژەکەی عیشات لەگەڵ مەغریبدا کۆیکەیتەوە وکورتی بکەیتەوە لەسەفەرەکەدا هەر دروستە وهیچی تیا نییە، ئەگەر چی بشزانیت کە کاتی نوێژی عیشا دەگەڕێیتەوە شوێنی خۆت. .. وباللە التوفیق ، فتاوی اللجنة الدائمة 152/8

بیست وسێیەم / ئەگەر چەند (محل) ێك (گەرەکێك) لەشارێکدا هەبون کەسێك لەیەکیانەوە بڕوات بۆ ئەوی تریان ئایا ئەم کەسە بۆی هەیە نوێژەکانی بە (قصر وجمع) بکات ؟.

لەم بارەیەوە پێشەوا (ابن قدامة) لە (المغنی)دا دەفەرموێت: (.. ئەگەر بێت و چەند (محل)ێك لەشارێکدا هەبون بەشێوەیەك کە هەر (محل)ێیان سەر بەخۆو جیا بێت لەوانی تر بۆ نمونە وەك شاری (بغداد) ئەوا هەر کەسێك لە(محل)ێیەکیانەوە بڕوات بۆ (محل)ێیەکی تر، ئەوا ئەو کەسە بۆی هەیە نوێژەکانی کورت بکاتەوە هەر کاتێك ماڵەکانی (محل)ەکەی خۆی بەجێ هێشت، بەلام ئەگەر بێت و (محل)ەکان هەندێکیان لکابن بەهەندێکی تریانەوە ئەوا ئەو کەسە بۆی نییە (قصر) بکات هەتا ماڵەکانی هەمو (محل)ەکان بەجێ نەهێڵێت .(المغنی مع الشرح الکبیر) 99/2 .

بەلام ئەگەر کەسێك لەشوێنێکدا بو ماڵەکەشی تەنها بو لەو شوێنەدا بۆی هەیە (قصر) بکات هەر کاتێك ماڵەکەی بەجێ بهێڵێت وپشتی تێ بکات هەر وەکو پێشەوا (ابن قدامة) لە (المغنی)دا دەفەرموێت: (وان کان بیته مفردا فمتی یفارق منزله ورحله ویجعله وراء ظهره ..) المغنی 99/2 .

بیست وچوارەم / ئەگەر کەسێك (مسافر) بێت وببێتە ئیمام بۆ کۆمەڵێك کەهەندێکیان (مسافر) بن وهەندێکیان (مقیم) و نیشتەجێ بن یان هەمویان (مسافر)بن ؟.

لەم بارەیەوە پێشەوا (ابن قدامة) لە(المغنی) دا دەفەرموێت: زانایان کۆدەنگن وکۆران لەسەر ئەوەی ئەگەر بێت وکەسێك نیشتەجێ بێت ونوێژ بکات لەدوای کەسێکی ترەوە کە (مسافر)ە ، ئەوا پێویستە ئەو کەسە نیشتەجێیە نوێژەکەی وەکو خۆی بکات کاتێ کە (مسافر)ەکە لەدوەم ڕکاتدا سەلامی دایەوە، چونکە ڕیوایەت کراوە لەعیمرانی کوڕی حوصەینەوە کە فەرمویەتی: (شهدت الفتح مع رسول الله ﷺ فاقام بمكة ثماني عشرة ليلة لايصلی الا ركعتين، ثم يقول لأهل البلد صلوا أربعا فإنا سفر ..) بڕوانە (المغنی مع الشرح الكبير) 131/2

بەلام ئەگەر بێت وکەسێك (مسافر)ەو نوێژ بۆ کەسانێکی تر بکات کە هەر (مسافر) بن ، بەلام ئەم کەسە (مسافر)ە بیریچو کە نوێژەکە بە(قصر) بکات ونوێژەکەی بە(إتمام) بۆ (مسافر)ەکان کرد، ئەوا نوێژەکەی خۆی وئەوانەشی کە بەدوایەوە بون دروست وتەواوەو پێویستیش بە(سجدة)ی (سهو) ناکات، چونکە ئەو زیادەیە زیادەیەکە ئەگەر بە(عمد)یش بکرێت نوێژی پێ بەتاڵ نابێتەوە، هەر وەکو پێشەوا (ابن قدامة) دەفەرموێت: (وان أم المسافر مسافرين فنسي صلاتها تامة صحت صلاته وصلاتهم، ولا يلزم لذلك سجود السهو، لأنها زيادة لايبطل الصلاة عمدها ..) (المغنی مع الشرح الكبير) 132/2

بەلام ئەگەر هەردولا (مسافر) بن ئیمام دوەم ڕکاتەکەی تەواو کردو هەڵسایەوە بۆ ڕکاتی سێیەم لەسەری واجب نییە کە ڕکاتی سێیەم بکات و بەردەوام بێت لەسەری، بەڵکو دەتوانێت دابنیشێت وسەلام بداتەوە، وەئەگەر ئەوانەی

لەدوایەوەن و(ماموم)ن زانیان هەڵسانەوەی ئیمامەکەیان لەبەر (سهو) بوە، ئەوا لەسەریان نی‌یە کە شوێنی بکەون بەڵکو (سبحان الله) دەکەن، جا ئەگەر گەڕایەوە ئەوا نوێژەکەیان بەیەکەوە تەواو دەکەن، وەئەگەر ئیمامەکەشیان نەگەڕایەوە ئەوا بۆیان هەیە جیا ببنەوە لە ئیمامەکەیان وسەلام بدەنەوە، وەئەگەر شوێنی ئیمامەکەیان بکەون ئەوا نوێژی هیچ لایەکیان نە ئیمام ونە(ماموم) بەتاڵ نابێتەوە هەروەکو پێشەوا (ابن قدامة) لە(المغنی)دا بەم شێوازە باسی کردوە 132/2 ، بەڵام تەواو کردنیان لەگەڵ ئیمامدا باشترە، چونکە سەلام دانەوە پێش ئیمام (نهي) لێ کراوە وەك پێشەوا (مسلم) ڕیوایەتی دەکات، هەروەها کۆڕای هاوەڵەکان کاتێ (عثمان بن عفان) چوار ڕکاتی کردو هیچ هاوەڵێك سەلامی نەدایەوە، بەڵام ئینکاریان کرد لەو کاتەشدا بەعبدالله ی کوڕی مسعودیان وت: تۆ ئینکاریت کردو چوار ڕکاتیشت کرد، فەرموی: (انی لاکره الخلاف) وەفەرموی: (الخلاف شر کله) پێشەوا بیهقی ڕیوایەتی کردوە . (فتح الباری) 564/2 .

مەبەستمان ئەوەیە سەلام دانەوە دروست نی‌یە لەم کاتەدا (إنما جعل الامام لیؤتم به) هەروەها سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ئاوایە کە ئەگەر ئیمام چوار ڕکاتی کرد تۆش چوار بکە سەیری (إرواء الغلیل) 21/2 (صحیح مسلم) 2/143-144

بەشی دووەم

نوێژ کۆکردنەوە (الجمع)

یەكەم/ كۆ كردنەوەی نوێژ دروستە (جائز)ە

هەروەك ئاشكرایە لەشەرعدا خوای گەورە ویستی وایە كە ئاسان كاری دەوێت بۆ ئیمانداران، هەروەك دەفەرموێت لەئایەتی‌ڕۆژو بۆ (مسافر) ونەخۆش :﴿ يُرِيدُ اللّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾ البقرة وەدەفەرموێت:﴿ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾، هەروەها پێشەوا ئەحمەد دەگێڕێتەوە لە عبدالله ی كوڕی عباسەوە كە دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ نوێژی نیوەڕۆو عەسری كۆكردەوە وەمەغرب وعیشای‌كۆكردەوە بەبێ ئەوەی ترسی هەبێت، یان باران بێت،وترا بە عبدالله ی كوڕی عباس بۆچی پێغەمبەر ﷺ وایكرد، ئەویش فەرموی: بۆ ئەوەی كە ئومەتەكەی ناڕەحەت نەكات. رواه البخاری ومسلم واحمد. بڕوانە (إرواء الغليل) 36/3 .

هەروەها زۆربەی زانایان لەهاوەڵانی پێغەمبەرو ﷺ شوێن كەوتوانی لەسەر ئەوەن كە كۆكردنەوەی نوێژ دروستە ئەمەش بۆچونی پێشەوا شافعی و ئەحمەد و(ثوری)ە بڕوانە (المغنی مع شرح الكبیر) 112/2، و(الروضة الندية) 102/1، و(نيل الاوطار) 212/3 .

دووەم / پێناسەی (الرخصه)

بۆ ئەوەی زیاتر لەباسی كۆ كردنەوەی نوێژەكان تێ بگەین پێویستە پێناسەیەكی (رخصة) بكەین چونكە كۆكردنەوەش (رخصة)یە، جا (رخصة) هەروەكوزانایانی زانستی (اصول الفقه) بۆیان پێناسە كردوین؛ بریتی‌یە لەناوێك بۆ شتێك كە خوای گەورە حەڵاڵی كردوە لەكاتی پێویستدا وە ئاسان كاریەكە لەسەر خەڵكی و لابردنی ناڕەحەتیە لەسەریان . (الوجيز في أصول الفقه) ص 50 .

كەواتە : (رخصة) بۆ شتێك بەكار دێت خودی خۆی دروست نی‌یە ئەو شتە بكەیت هەتاكو پێویستی (ضرورة)ێك ئەیەتە پێشەوە. مەبەستیشمان ئەوەیە كە

پێویستە نوێژ لەکاتی خۆیدا بکرێت وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا﴾ نساء 103 .

بۆیە لای شافعیەکان پێناسەی ئەوەیە (هو الحكم الثابت على خلاف الدليل لعذر)الاحكام للأمدي 68/1، جابەکورتی (رخصة) ئەو حوکمەیە کە خوای گەورە دایناوە لەبەر پێویستی بەندەکان سەیری (اصول الفقه الاسلامي) 110/1 (وهبة الزحيلي) بکە .

سێیەم /ئەو کاتانەی کە کۆکردنەوەی نوێژیان تیا دروستە :

وەك وتمان کۆکردنەوەی نوێژ دروستە بۆ موسافر و نیشتەجێ ، ئەوکاتانەش بەپێی حاڵ و شوێنی خەڵکەکە دەگۆڕێت ،ئەویش پەیوەستی ئەکەین بەقورئان وفەرمودەی پێغەمبەرەوە ﷺ لەوانەش:

نەخۆشی / نەخۆشی یەکێکە لەو حاڵەتانەی کەنوێژ تیایدا کۆدەکرێتەوە، جائیتر نەخۆشەکە نیشتەجێ بێت یان (مسافر) ، وەئەگەر نیشتەجێ بو نوێژەکانی چوار چوار دەکات، بەڵام ئەگەر (مسافر) بو نوێژەکانی دو ڕکات دو ڕکات دەکات وکۆیان دەکاتەوە، وەئەگەر لەگەڵ جەماعەت نوێژی کرد دوای سەلام دانەوە بۆ خۆی نوێژەکەی تریان دەکات، ، بەڵام بەمەرجێك نەخۆش دروستە نوێژەکانی کۆ بکاتەوە کە ئەو نەخۆشە بۆ نوێژەکەی تر کە کۆیدەکاتەوە زۆر لەسەری ناڕەحەت بێت، بۆیە لە(المغني)دا (ابن قدامة) دەفەرموێت: (والمرض المبيح للجمع هو مايلحقه تادية كل صلاة في وقتها مشقة وضعف) واتە: ئەو نەخۆشیەی کە کۆکردنەوەی نوێژ حەڵاڵ دەکات ئەوەیە کەبەکردنی هەمو نوێژێك لەکاتەکەی خۆیدا توشی ناڕەحەتی ولاوازی بکات. بڕوانە (فقه السنة) 291/1 ،و (المغني مع شرح الكبير) 121/2

هەروەها شیخ الاسلام دەفەرموێت: کۆکردنەوەی نوێژ دروستە بۆ ئەو دایکەی کە شیر دەدات بە منداڵەکەی، ئەگەر لەسەری قورس بو هەمو نوێژێك پۆشاکەکەی بشوات، ئەمەش دەقی وتەی پێشەوا ئەحمەدی لەسەرە بڕوانە (الاختیارات الفقهیة) ص 74

لەهەمان کاتدا ئەمەش ڕای پێشەوا مالك و قازی حسێن و(خطابی)و (متولی)یە لەشافعیەکان بۆ دروستێتی کۆکردنەوەی نوێژ بە(تقدیم) و(تاخیر) لەبەر نەخۆشی چونکە نارەحەتیەك لەباران زیاترە سەیری (فقه السنة) بکە هەروەها نەخۆشییەکانی گورچیلە ومیزەچرکە (سلس البول) هەر نەخۆشین ودروستە تیایاندا نوێژەکان کۆبکرێنەوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بە ئافرەتەکە کرد لەبەر ئەزیفی (إستحاضة) نوێژ کۆبکاتەوە فەرمودەکەش (حسن)ە بڕوانە (إرواء الغلیل) 38/3 فەرمودەی (580) .

بەڵام پێشەوا شافعی ڕای لەسەر ئەوەنیە کە نەخۆشێکی نیشتەجێ کە(مسافر)نە بێت نوێژەکانی کۆبکاتەوە بڕوانە(عون المعبود)56/4فەرمودەی ژمارە (1290)بەڵام ئەوەی کە ڕاستر و بەهێزترە ئەوەیە کە دروستە بۆ کەسێك کە نەخۆشە و نەخۆشیەکەی بەو شێوازەیە کەلەسەرەوەباسمان کرد نوێژەکان کۆبکاتەوەجا بە(تقدیم)بێ یان بە(تاخیر)بێت ئەویش بەستراوە بە حاڵی نەخۆشەکەوە بەڵگەش لەسەر ئەوەی ئەم ڕایە ڕاستترو بەهێز ترە ئەوەیە کە (إبن عباس) دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ لەمەدینەدا بو نوێژەکانی نیوەڕۆ و عصرو پاشان مەغریب و عیشای کۆکردەوە بەبێ ئەوەی کە ترسی هەبێت یان باران بێت ...)هەروەکو لە پێشەوەدا ئەم فەرمودەمان هێنا جا ئەگەر پێغەمبەر ﷺ بەبێ ئەوەی کە باران و ترس لە ئارا دابێ نوێژەکانی کۆکردبێتەوە ئەوا زۆر (أولی) ترە کەلەبەر نەخۆشیەك کە خاوەنەکەی نارەحەت بکات کە نوێژەکان لەکاتی خۆیدا بکات کە بۆی دروست بێ نوێژەکانی کۆبکاتەوە...کۆتایی فەرمودەکەی (ابن عباس) یش ئەوەیە کە پرسیاریان لێ کرد بۆ پێغەمبەر ﷺ ئاوای کرد؟ ئەویش

فەرموی: لەبەر ئەوەی ئوممەتەکەی ناڕەحەت نەکات، بێگومان ئەخۆشیەکیش کە سیفەتەکەی وابێت وەك لەپێشەوە باسمان کرد خاوەنەکەی توشی ناڕەحەتی دەکات کە هەمو نوێژەکانی لەکاتەکانی خۆیاندا بکات، جابۆیە لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کۆکردنەوە (رخصة) یە بۆ ئەخۆش و خوای گەورەش پێی خۆشە کە (رخصە)کانی بکرێت هەر وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (إن الله يحب ان تأتي رخصه كما يكره ان تأتي معصيته) رواه أحمد عن ابن عمر (إرواء الغليل) 9/3 بڕوانە (فتاوى اللجنة الدائمة) 85/8 .

ب. ترس / ترسیش یەکێکە لەو حاڵەتانەی کە کۆکردنەوەی نوێژی تیا دروستە، چونکە (معاذ بن جبل) ﷺ دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ لە جەنگی تەبوکدا نوێژی نیوەڕۆو عەسری کۆکردەوە، هەروەها مەغرب وعیشاشی کۆکردەوە، ڕاویەکە کەلە معازەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: وتم بەمعاذ: بۆچی پێغەمبەر ﷺ وای کرد؟ ئەویش فەرموی: بۆ ئەوەی هیچ قورسیەك نەمێنێ لەسەر ئوممەتەکەی. بڕوانە (شرح صحيح مسلم) 807/2 .

هەروەها بەڵگەیەکی تریشمان هەیە لەسەر ئەم باسە، ئەویش فەرمودەکەی (ابن عباس)ە کە هەندێ لەمەو پێش هێنامانەوە وباسمان لێوە کرد،ئەوەشی کە تیایدا هاتبو ئەوەیە کە دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ نوێژەکانی کۆکردەوە لەمەدینەدا بەبێ بونی ترس وباران، کەواتەئەگەر ترس وباران هەبێت ئەوا زۆر دروستە کە نوێژەکان کۆبکرێنەوە.

ج .دەرچون بۆ سەفەر / واتە: ئەگەر نیشتەجێ بویت ونیەتی سەفەرت هەبو، بۆنمونە: چوار ڕکاتی نیوەڕۆ دەکەیت وچوار ڕکاتی عەسریش دەکەیت. (سەلەمە)ی کوڕی عبداللە ی کوڕی ئیمامی عمر دەفەرموێت: عبداللە ی کوڕی عمرم بینی نوێژەکانی کۆکردەوە کەلەسەفەردا بو، پاشان لای کردوە وفەرموی: لە پێغەمبەرم ﷺ بیستوە کە فەرمویەتی: ئەگەر یەکێکتان نیشێکی هەبو ئەترسا نوێژەکەی بفەوتێ با ئەم نوێژە بکات، (واتە: کۆیان بکاتەوە) ئەمەش تاکە فەرمودەیەکە

که باسی کۆکردنەوەی تیایە بەفەرمودەی (قەولی) فەرمودەکەش پێشەوا (النسائی) ریوایەتی کردوە. بڕوانە (صحیح الجامع الصغیر) ژمارەی فەرمودە (487) و(الثمرات الجیاد).

هەروەها عبداللە ىکوڕی عمر دەفەرمونێت: پێغەمبەری خوام بینی ﷺ کە نوێژی مەغرب وعیشای کۆکردەوە کاتێك لەسەر ڕێ بو، واتە: لەو شوێنە نەمابەوەو بەتەمای دەرچون بو. بڕوانە (صحیح مسلم) 805/2 . ئەم حوکمەش پیاو ژن تیایدا بەشدارن وەکو چون لە زۆربەی عوزرەکانی تردا بەشدارن، بگرە ئافرەتان زیاتر توشی کۆکردنەوەی نوێژ دێن تەنها لەباراندا نەبێت کە لەماڵەوەن، ئەلأم ئەگەر ئافرەت بیەوێت ئاو بێنێت لەسەر کانی یان ئیشێکی پێویستی هەبێت، دروستە ئەو ئافرەتە نوێژ کۆ بکاتەوە، بۆ زیاتر شارەزا بونیش سەیری فەتواکانی (ابن عثیمین) بکە .

د – ئیش وکاری پێویست / هەروەها ئیش وکاری زۆر پێویستیش عوزرە بۆ کۆکردنەوەی نوێژەکان، وەکو ئیش وکاری ئەو کەسەی لای نەخۆشێکە لەخەستەخانەیەك، یان جێبەجێ کردنی ئیشی موسڵمانێك، یان ئیش وکاری شوێنێك کە سەنگەر نشینی تیایدا دەکرێت، وەك ئامادە کردنی تەقەمەنی وسەنگەر هەڵکەندن وئالو گۆڕکردنی ئەو کزمەڵەی کە لەوێن... بەکورتیەکەی هەرکاتێك بترسیت کە نوێژەکەت دەفەوتێت بەهۆی ئیش وکارێکی پێویستەوە، ئەوا بۆت هەیە لەبەر ئەو جۆرە ئیش وکارە نوێژەکانت کۆ بکەیتەوە، بۆیە (ابن تیمیة) دەفەرمونێت: (وأوسع المذاهب في الجمع: مذهب أحمد، فإنه جوز الجمع إذا كان له شغل كما روى النسائي مرفوعاً الى النبي ﷺ وغيره، نص أحمد على المراد بالشغل الذي يبيح ترك الجمعة والجماعة) واتە: فراوانترین بۆچون لە کۆکردنەوەدا بۆچونی پێشەوا ئەحمەدە، بۆیە لای ئەو دروستە کۆکردنەوەی نوێژ بۆ یەکێ ئەگەر ئیشێکی هەبو وەك (النسائی) ڕیوایەتی کردوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ (قاضی أبو یعلی) غەیری ئەو دەفەرمون – مەبەستی پێشەوا ئەحمەد- لەئیش وکاردا ئەو

نیشەیە کە وادەکات نوێژی جومعە وجەماعەت نەکەیت. بڕوانە (الفتاوى المصرية) ص77 . و(الاختيارات الفقهية) ص74

هەروەها شیخ الاسلام دەفەرموێت: (ويجوز الجمع أيضاً للطباخ والخباز ونحوهما ممن يخشى فساد ماله) واتە: کۆکردنەوەی نوێژ دروستە بۆ ئەو کەسەی چێشت دەکات ونانەوایە وهاو وێنەیان لەنێش وکارەکاندا کە ئەترسن ماڵەکەیان بفەوتێ وتیا بچێت. (الاختيارات الفقهية) ص 74 . بێگومان مەبەستی چێشت لێنەرێکە کە زۆر بەدەگمەنێ بواری هەبێت، نەك هەمو چێشت لێنەرێك ..

ه. کۆکردنەوە لەمزدەلفە / زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوە کە دروستە کۆکردنەوەی نوێژی نیوەڕۆ وعەسر بەوەی کە نوێژی عەسر بێنی بۆلای نیوەڕۆ لە(عرفة) هەروەها کۆکردنەوەی نوێژی مەغرب وعیشا، بەوەی کە نوێژی مەغرب بێنی بۆلای عیشا لەمزدەلفە . سەیری (فقه السنة) بکە 289/1 .

شیخ الاسلام دەفەرموێت: (ويدل على جمع التقديم بعرفة بين الظهر والعصر لمصلحة الوقوف ليصلى وقت الدعاء ويقطع بنزول الصلاة العصر مع إمكان ذلك بلا مشقة والجمع كذلك لأجل المشقة والحاجة أولى ..) (زاد المعاد) 462/1 .

و. باران بارین /باران وبەفر یەکێکە لەو هۆیانەکە نوێژ کۆکردنەوە تیایاندا دروستە، بەو مەرجەی ئەو بارانە ناڕەحەتیەك دروست بکات، ناڕەحەتیش وەك تەڕ بونی جل وبەرگو هاوشێوەکانی، هەروەك (ابن قدامة) لە (المغنى)دا دەفەرموێت: (والمطر المبيح للجمع هو ما يبل الثياب وتلحق المشقة بالخروج فيه، وأما الطل المطر الخفيف الذى لايبل الثياب فلا يبيح والثلج كالمطر في ذلك، لأنه في معناه وكذلك البرد) واتە: ئەو بارانەی کە دەبێتە هۆیەك بۆ کۆکردنەوەی نوێژەکان دەبێت بارانێك بێ کە جل وبەرگ تەڕ بکات وناڕەحەتیەك دروست بکات بۆ ئەو کەسەی کە لەماڵ بچێتە دەرەوە، بەڵام سەبارەت بە بارانی کەمەوە کە سیفەتەکەی وایە نابێتە هۆی تەڕ کردنی جل وبەرگ بەتەواوی، ئەوا دروست نی‌یە لەکاتی بارانی لەم جۆرەدا کۆکردنەوەی نوێژەکان، وەبەفریش هەروەك باران

وەھایەو تەرزەش ھەر بەھەمان شێوە . بڕوانە (المغني مع شرح الكبير) 119/2

بەڵگەش لەسەر ئەم خاڵە فەرمودەکەی عبداللە ی کوڕی عباسە کەلە پێشەوە لەخاڵەکانی (أ .ب) ئاماژەمان بۆ کرد و باسمان لێوە کرد، ھەروەھا فەرمودەکەی عبداللە یکوڕی عمریش کە بەدو شێوە ھاتوە بەڵگەن لەسەر ئەم خاڵە.

شێوەی یەکەم: ابن عمر فەرمانی دەکرد کە بانگ بدرێت بۆ نوێژو بوترێت :نوێژەکانتان لەشوێنەکانی خۆتان بکەن، ئەمەش لەشەوێکی ساردو باراناویدا بو لەسەفەردا . (متفق علیە عم ابن عمر) بڕوانە (إرواء الغلیل) 339/2 .

شێوەی دومم: ابن عمر ئەگەر لەکاتی باراندا ئەمیرەکان نوێژی مەغرب وعیشایان کۆبکردایەتەوە ئەمیش کۆیدەکردەوە لەگەڵیاندا..) رواه الإمام مالك بڕوانە (إرواء الغلیل) 41/3 .

سەبارەت بەبۆچونی زانایان لەبارەی کۆکردنەوە لەباراندا پێشەوا (خطابی) دەفەرموێت: زانایان جیاوازیان لەنێواندا ھەیە لەسەر کۆکردنەوەی نوێژ لەکاتی باران بارینددا بۆ کەسێك کە نیشتەجێیەو (مسافر) نییە، جا ھەندێ لە پێشینان رێیان پێداوە، - واتە دەڵێن دروستە- ئەمەش لە ابن عمرەوە ریوایەت کراوە وعوروەی کوڕی زبێرو سەعیدی کوڕی مسیب و عومەری کوڕی عبدالعزیز وابوبکری کوڕی عبدالرحمن وابو سەلەمەو تەواوی زانایانی (فقە) کردویانە، بۆچونی پێشەوا مالك وشافعی وئەحمەدیش ھەر لەسەر ئەمەیە، بەڵام لای پێشەوا شافعی ئەوە بەمەرج گیراوە کە دەبێت لەکاتی دەست پێ کردنی نوێژەکەدا باران بارین بونی ھەبێت وببارێت، ھەروەھا پێشەوا (ابوثور)یش بۆچونی وەك پێشەوا شافعی وایە، بەڵام باقی زانایانی تر ئەو مەرجەیان بەمەرج نەگرتوە کە ھەردو پێشەوا (شافعی)و(ثوري)بەمەرجیان گرتوە ،وە پێشەوا (مالیك)یش پێی وایە کە دەبێت لەگەڵ بارانەکەشدا قوڕو تاریکی بونی ھەبێت،ئەمەش وتەی (عمر)ی کوڕی (عبدالعزیز)ە پێشەوا (ئەوزاعی) و حنەفیە کانیش دەفەرمون :لە کاتی باراندا موسڵمان نوێژەکانی ھەرلە کاتی خۆیدا دەکات .أھ بڕوانە (عون

المعبود)4/55ـ56.

بەڵام سەبارەت بەو کەسەی کەدێت بۆ مزگەوت و تووشی نارەحەتی نایەت لە کاتی هاتنیدا بۆ مزگەوت بۆ نمونە بە سەیارە دێت یان چەتری پێیە یان بە هەرشێوەیەکی تر کە باران لێی نادات ،هەروەها سەبارەت بەو کەسەشەوە کە ماڵی لە مزگەوت دایە جیا دەربارەی ئەم حاڵەتانە پێشەوا (ابن قدامة) دەفەرموێت:دوبۆچونی لەسەرە ،یەکەمیان دەڵێت لەهەمو ئەو حاڵەتانە دروستە (جمع)بکرێت،چونکە ئەگەرئەم حاڵەتەی هاتە پێشەوە بۆ هەمو خەڵکی ،ئەوا ئەو کەسانەش دەگرێتەوە ئەو عوزرە یان ئەو پێویستیەیان نیە وەکو زۆرێك لەخەڵکی ،بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە ڕیوایەت کراوە،لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە (جمع)ی کردوە لە کاتی باراندا و لە نێوان شوێنەکەی و مزگەوتداهیچ بەین و ماوەیەك لەبوە،بۆ چونی دوەمیش دەڵێت:(جمع)تایبەتە بەوانەوە کە نارەحەتی ڕو بەڕویان دەبێتەوە ..)بڕوانە (المغني مع شرح الكبير)2/120.

بەڵام سەبارەت بەو کەسەوە کە لە ماڵەوە یەو نایەت بۆ مزگەوت لە کاتی باراندا ئەوا بۆی دروست نیە (جمع) بکات،لەم بارەیشەوە فەتوایەکی لیژنەی فەتوای سعودی هەیەبەم شێوەیە:

فەتوای ژمارە (4554)پرسیارەکە :حوکمی (جمع)کردن چییە لەماڵەوە لەکاتی ڕۆژانی سەرماو باران ،ئەگەر بێت و ئێمە و کۆمەڵێ بوین لە ماڵەوە ئەوەی کە ئێمە ،زانیومانە ،ئەوەیە کە ،(جمع)لە مزگەوتدا دەکرێت ئەوەکو لە ماڵەوە ؟،

وەڵام ئەوەی کەشەرعی دروست بێ ،ئەوەی خەڵکی مزگەوت (جمع) بکەن ئەگەر ببێت و عوزرێکی شەرعی هاتە پێشەوە وەکو باران ،ئەمەش لە پێناوی دەست کەوتنی پاداشتی جەماعەت و ئاسان کردنی لەسەر خەڵکی وەفەرمودەی (صحيح)یشی لەسەرە هەر بەم شێوەیە هاتوە، بەڵام سەرەبارەت بە (جمع)کردنی کۆمەڵێك لە ماڵەوە،لەبەر بونی ئەو عوزرەی کەلە پرسیارە کەدا باسکراوەدروست نیە ،چونکە ئەوە شێوازی ئاوا لە شەرعی بیگەردی ئیسلامدانەهاتوە، وئەوشێوازە

عوزر نیە بۆدروست بونی (جمع)وبالله التوفیق....فتاوی اللجنة الدائمة134/8 .

لە کۆتایی ئەم خاڵەدا ئەوەی کەوا ماوە ،تیشکی بخەینە سەر و باسی لێوە بکەین ئەوەیە کە ئەگەر بێت وشوێنێك عەسکەری بێت و ئەمیری ئەو شوێنە نوێژی کۆنەکردەوە،ئەوا بۆ کەس نیە سەر بەخۆ نوێژ کۆبکاتەوە ،چونکە ،جیهاد و (أمارة)دوشتن زۆر بە یەکەوە گونجاون و پێویستە لەسەر جەماعەی جیهادی کەس ئیجتهادی سەر بەخۆ نەکات.

ز/بونی قوڕ:

سەبارەت بە بونی قوڕ بەتەنها بونی باران و سەرما ی لەگەڵدا بێت پێشەوا (إبن قدامة)لە کتابی (المغنی)دا دەفەرموێ(فأما الوحل بمجرده،فقال القاضي :قال أصحابنا هو عذر لأن المشقة تلحق بذلك،في النعال والثياب ،كما تلحق بالمطر وهو قول مالك،وذكر أبو الخطاب ،فيه وجها ثانياً إنه لايبيح وهو مذهب الشافعي وأبي ثور لأن المشقة دون مشقة المطر ،فان المطر يبل النعال والثياب والوحل لا يبلها فلم يصح قياسه عليه والأول أصح لأن الوحل يلوث الثياب والنعال ومتعرض الإنسان للزلق فيتاذى نفسة وثيابه وذلك أعظم من البلل..) (المغني مع الشرح الكبير)119/2 .

واتە :بەڵام سەبارەت بە قوڕ بەتەنها (قاضي أبو يعلى)دەفەرموێت: هاوەڵا نمان دەفەرمون واتە ،لە حنبەلیەکان ، ەوە قوڕیش عوزرە بۆ کۆکردنەوە ی نوێژ چونکە پێڵاو جل وبەرگی ئینسان توشی نارەحەتی دێن هەروەکو چۆن بەهۆی بارانەوە توشی نارەحەتی دەبێت،ئەم بۆ چونەش لە هەمان کاتدا بۆ چون و وتەی پێشەوا (مالیك)ەو زانا (أبو الخطاب)یش ڕایەکی تری باس کردوە دەربارەی کۆکردنەوە بەهۆی قوڕەوە،ئەویش ئەوەیە کە دروست نیە بەهۆی قوڕەوە کۆکردنەوەی نوێژ کردن ئەمەش بۆچونی پێشەوا (الشافعی)و (ابو ثور)ە چونکە ئەو نارەحەتیەی کە ڕوبەڕوی ئینسان دەبێتەوە،وە بەهۆی قوڕەوە کەمترە لەو نارەحەتیەی کەبەهۆی بارانەوە توشی دەبێ چونکە باران دەبێتە هۆی تەڕکردنی جل و بەرگ و پێڵاو،

بەڵام قوڕ نابێتە هۆی تەڕ کردنیان لەبەر ئەوەی ڕاست و دروست نیە، کە قوڕ وەکو باران سەیر بکرێت ،وەقیاسی بکرێتە سەر (إبن قدامة) دەفەرموێت:بەڵام وتەی یەکەم - باسمان کرد،ڕاست تر و بەهێز ترە چونکە قوڕ دەبێتە هۆی پیس کردنی پێڵاو و جل و بەرگ وە ئینسان تیایدا لە مەترسیدایە بۆ کەوتن کە ئەمەش دەبێتە هۆی نارەحەت کردنی ئینسان وپیس بونی جل و بەرگەکەی جا ئەمانەش نارحەتیەکەشیان زیاترو گەورە ترە لە تەڕبون ..بەڵگەش ئەوەیە کە (عبدالله)کوڕی عباس رۆژی جمعە فەرموی : (قال للمؤذن في يوم مطير إذا قلت :أشهد أن لا إله إلا الله ،أشهد أن محمداً رسول الله فلا تقل حي على الصلاة ، قل صلوا في بيوتكم قال:فكأن الناس إستنكروا ذلك فقال:أتعجبون من ذلك فقد فعل من هو خير مني ،أن الجمعة عزمة واني كرهت أن أخرجكم فتمشوا في الطين والدحض)واتە :عبد الله ی کوڕی عباس لە ڕۆژێکی باراناویدا فەرموی :بەبانگ دەرەکە ئەگەر وتت (أشهد أن لا إله إلا الله أشهد أن محمدا رسول الله)مەڵێ : (حي على الصلاة)بڵێ (صلوافي بيوتكم)واتە : نوێژە لە ماڵەکانتان بکەن ،وەك بڵێی خەڵکی بەلا یانەوە سەیر بو ،فەرموی :بەلاتانەوە سەیرە کەسێك وای کردوە کە لە من باشترە واتە (پێغەمبەر ﷺ) نوێژی جمعە واجبە بەڵام حەزم نەکرد لە ناو قوڕو چلپاودا بێن بۆنوێژ(مسلم) ریوایەتی کردوە،(شرح مسلم)2/800(فتح الباري)3/43، جا ئەگەر بەڕۆژ نوێژی جمعە دروست نبێ نەکرێت لە بەر باران و قوڕ ئەوا ئەولا ترە کەوا لەبەر قوڕی زۆر نوێژ کۆبکرێتەوە،بەتایبەتی شەوان.

ی- بای توند

دەربارەی بای توندیش لە شەوێکی تاریکی ساردا (إبن قدامة) دەفەرموێت:دو بۆ چونی لە سەرە - واتە:لای حەنبەلیەکان - پێی وایە کە کۆکردنەوە تیایدا دروستە ،زانا (الآمدي)یش دەفەرموێ:ئەم ڕایە ڕاسترە وئەمەش وتەی عمری کوڕی عبدالعزیزە چونکە ئەم حاڵەتە عوزرە بۆ نەهاتن بۆ نوێژی (جمعە) و جەماعەت،بەبەڵگەی ئەم ریوایەتەی کە ریوایەت کراوە لە (إبن عمر)ەوە

دەفەرموێت؛ پێغەمبەری خوا ﷺ بانگ دەرەکەی لە شەوێکی باراناویدا یان لە شەوێکی سارد بای هەبودەیفەرمو «نوێژەکانتان لە شوێنەکانی خۆتان بکەن..»(إبن ماجه)روایەتی کردوە لە (محمد بن صباح)ەوە سەبارەت بە بۆ چونی دومیشەوە پێی وایە کەئەم حاڵەتە ـ واتە بونی بای توند لە شەوێکی ساردا نابێتە هۆیەك بۆ کۆکردنەوەی نوێژەکان چونکە ئەو نارەحەتیەی کە ئینسان بە هۆی بایەکی ئاواوە توشی دەبێت ،کەمترە لەو نارەحەتیەی کە ئنسان بەهۆی باران بارینەوە توشی دێت ،جا لەبەر ئەوە ڕاست و دروست نیە قیاسی ئەوە بکرێتە سەر بای توند..بڕوانە(المغنيمع الشرح الكبير)119/2ـ 120.سەیری بخاری بکە ،بەڵام ڕاستر وایە کە نوێژ کۆ دەکرێتەوە لە کاتی بای توند بەتایبەتی ئەگەر سەرمای لەگەڵدابو، پێشەوا(مسلم) ڕیوایەتی دەکات لە عبدالله ی کوڕی عمر ڕەزای خویان لێبێ ؛ (إن ابن عمر أذن بالصلاة في ليلة ذات برد وريح فقال:الا صلوا في رالرحال ثم قال:كان رسول الله ﷺ يامر المؤذن إذا كانت ليلة باردة ذات مطر يقول :الاصلوا في الرحال)واتە: بانگی دا بەنوێژ کردن لە شەوێکی ساردو سەرمادا فەرموێ (لەشوێنەکانتان نوێژ بکەن)پاشان فەرموی پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کرد بە نوێژ کەر لە شەوێکی ساردو بادا ئەی فەرمو؛ لە شوێنەکانتان نوێژ بکەن.(مسلم)ڕوایەتی کردوە799/2.

ئاشکراشە ئەو عوزرەی وا بکات کە ئەچی بۆ جەماعەت هەمان عوزرە بۆ کۆکردنەوەی نوێژ سەیری (إختيارات الفقهي)بکە74،هەروەها (الفتاوى المصرية)77.

چوارەم/ کۆکردنەوەی نوێژ بۆ نیشتەجێ (المقيم)بەبێ عوزر:

جەماوەری زانایان لەسەر ئەوەن کە نیشتە جێ بۆی نیە نوێژ کۆبکاتەوە،ئەگەر هیچ عوزرێکی نەبو، پێشەوا شەوکانی دەفەرموێت؛ (وذهب الجمهور الى أن الجمع

لغير عذر لا يجوز وحكى في البحر عن البعض أنه إجماع)واته :جەماوەری زانایان لەسەر ئەوەن کەوا ئیشتە جێ بۆی نیە نوێژ کۆبکاتەوەبەبێ عوزر،وە خاوەنی کتێبی (البحر)دەگێڕێتەوە لە هەندێك لە زانایان کەوا کۆڕان لەسەر ئەوە .(نیل الأوطار)/229.

ئەو فەرموودانەش لەسەر ئەوە هاتون(متواتر)ن وله کتێبی(العدة شرح العمدة)دا دەفەرموێ (وقد أجمعنا أن الجمع لغير عذر لا يجوز)100/1.واته :کۆڕاین لەسەر ئەوەی کە کۆ کردنەوە بەبێ عوزر دروست نیە . پێشەوا (بیهقی)لە عمری کوڕی خەتتابەوە ڕیوایەتی کردوە کە دەیفەرمو:کۆکردنەوە لە نێوان دو نوێژدا بەبێ عوزر گوناهێکە لە گوناهە گەورەکان) سەیری (مجموعة الفتاوى)24 / 28بکە، هەروەها (الثمرات الجياد) ص162/4.

بەڵام ئەو (إشكال)ەی کە دروست بوە لە لای هەندێ کەس کەگوایە بەبێ عوزر سنتەتە کۆکردنەوە ،ئەوا بەڕاستی پێچەوانەی (إجماع)کۆڕای زانایانە، پاشان ئەهاتوە کە بەبێ عوزر پێغەمبەر ﷺ نوێژی کردبێت،فەرمودەکەی(إبن عباس) یش کە دەفەرموێ (جمع رسول الله ﷺ بين الظهر والعصر والمغرب والعشاء بالمدينة من غير خوف ولا مطر ،وفي رواية من غير خوف ولا سفر)پێشەوا (مسلم)ڕوایەتی کردون ،واتە:پێغەمبەر ﷺ نیوە ڕۆو عەسری کۆکردەوە هەروەها مغریب وعیشای کۆکردەوە لە مەدینەدا بەبێ ترس و باران ،لە ڕیوایەتە کەی تردا بەبێ بونی ترس و سەفەر .

ئەم فەرمودەیە بەڵگەیە کە بە عوزر نوێژەکانی کۆکردوەتەوە بۆیە (شيخ الإسلام) دەفەرموێ : (فإن الكلام يدل على أن الجمع لهذه الأمور أولى)واتە :ئەمە بەڵگەیە کە کۆکردنەوەی نوێژ بۆ ئەم شتانە شایەن ترە،هەروەها ئەفەرموێ : (فإنه جمع ليرفع الحرج الحاصل بدون الخوف والمطروالسفر)واتە:پێغەمبەر ﷺ نوێژی کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی نارەحەتیەك کە دروست دەبێ کە ترسی تیا نیە و سەفەر نیە، لەغەیری ئەمانە نوێژ کۆبکرێتەوە،هەروەها (عبدالله ی کوڕی عباس ئەو

خەڵکە فێر دەکات بە عەمەلی وەك (إبن تيمية) دەفەرموێت، (ولكن كان إبن عباس في أمر مهم من أمور المسلمين يخطبهم فيما يحتاجون الى معرفته) واتە،إبن عباس لەکارێکی زۆر گرنگ لە کارو باری موسڵمانان وتاریان بۆ دەدات لەوەی کە پێویستیانە بیزانن،هەروەها (ابن تيمية)دەفەرموێ: (فإن النبي ﷺ يجمع بالمدينة لغير خوف ولا مطر بل لحاجة تعرض كما قال، أراد أن لا يحرج أمته) واتە ، پێغەمبەر ﷺ لەمەدینە نیشتەجێ بوە نوێژی کۆکردەوە بەبێ ترس وباران ،بەڵکو لەبەر پێویستیەك کە دێتە پێشەوە، وەك (إبن عباس) دەفەرموێ ویستی - واتە پێغەمبەر ﷺ - کەس لە ئۆممەتەکەی توشی نارەحەتی نەبێ ،هەروەها (إبن تيمية)دەفەرموێ: (فهكذا جمعه بالمدينة الذي رواه إبن عباس وإنما كان الجمع لرفع الحرج عن أمته فإذا إحتاجوا الى الجمع جمعوا) واتە :کۆکردنەوەی نوێژی پێغەمبەر ﷺ لەمەدینەدا کە عبدالله ی کوری عباس دەگێرێتەوە ،کۆکردنەوەکە بۆ لابردنی نارەحەتی بو لەسەر ئۆممەتەکەی ،جا ئەگەر پێویستی هاتە پێشەوە نوێژ کۆئەکرێتەوە.(مجموعة الفتاوى)46/24-47.

کەواتە فەرمودەکە بەڵگە نیە کە بێ عوزر نوێژکۆبکرێتەوە،بەتایبەتی کە هەندێ کەس فەرمودەکە دەگێرنەوە یەکسەر ئەڵێن:بەبێ عوزر کردویەتی ،بگرە هەندێك ئەڵێن: (من غير خوف ولا عذر) لەکاتێکدا زیادەی عوزر هیچ ریوایەتێکی (صحيح)و(ضعيف)و نە(موضوع)نەهاتوە،لەگەڵ ئەوەشدا پێچەوانەی جەماوەری زانایانە .وە ئەم درێژکردنەوەیەش لەم حاڵەدا لەبەر ڕوینەوەی ئەو تێگەیشتنە هەڵەیەبو کە زۆرێك خەڵکی وای لێ حاڵ بون،وە پێش ئەوەش کۆتایی بەم خاڵە بێنم ریوایەتێك هەیە لەم باسەداو پێشەوا (الذهبي) دەیگێرێتەوە کە دەفەرموێ، (هۆی دەرچونی زاناکان لە عیراق دژی (حجاج) لەبەر ستەم و دواخستنی نوێژ و کۆکردنەوەی نوێژ بولە نیشتە جێیدا ..بڕوانە (القول المبين)ص412،و(سير أعلام النبلاء)158/1.

پێنجەم/(جمع)لەسەفەردا :

کۆکردنەوەی نوێژ لەسەفەردا بەبێ عوزر:

(شيخ الإسلام)دەفەرموێ: (وأما النـازل أياماً في قرية أومصر وهو في ذلك كاهل المصر ،فهذا وإن كان يقصر لأنه مسافر فلايجمع كما لايصلي على الراحلة ولا يصلي بـالتيمم ولا يـاكل الميتة فهذه أمور أبيحت للحاجة به الى ذلك بخلاف القصرفإنه سنة السفر) (مجموعة الرسائل والمسائل)2 65.

واتە :بەلام ئەوكەسەی کەلەسەفەرەکەیدا دەمێنێتەوە چەند ڕۆژێك لە دێیەك یان شاریکدا،لەم حاڵەتە دا حوکمی وەکو خەڵکی شارەکەوایە.ئەمە ئەگەر چی نوێژ کورت دەکاتەوە ،بەلام نوێژ کۆ ناکاتەوە،هەروەك چۆن نوێژ لەسەر ولاخەکەی ناکات

وە بەتەیەمم نوێژ ناکات وە مردارەوەبو ناخوات ،ئەم حاڵەتانە، حەلاڵ کراون بۆ پێویستی ،وە ئەمەش پێویست نیە بەوانەوە.بە پێچەوانەی نوێژ کورت کردنەوە ئەوەیان سوننەتی(مسافر)ە.

هەروەها (إبن قيم)دەفەرموێ: (ولم يكن من هديه ﷺ الجمع راكباً في السفركما يفعله كثير من النـاس ولا الجمع حال نزوله أيضاً ،وإنما كان يجمع إذا جد به السير وإذا سار عقيب الصلاة كما ذكرنافي قصة تبوك،وأما جمعه وهونازل غير مسافر فلم ينقل ذلك عنه إلابعرفة لأجل إتصال الوقوف كما قال الشافعي رحمه الله وشيخنا..)واتە :هەرگیز پێغەمبەر ﷺ سوننەتی وانەبوە لەسەفەر نوێژ کۆبکاتەوە وەك زۆرینەی خەڵکی دەیکات وە نوێژی کۆنەکردوەتەوە لەسەفەردا ئەگەر بمایەتەوە، بەڵکو نوێژی کۆدەکردەوە لەسەفەر دا ئەگەر لە ڕۆیشتندا بوایە وەك لە باسی غەزای تەبوك دا باسمان کرد،بەلام کۆکردنەوەی نوێژی پێغەمبەرﷺ لەسەفەردا نەمابێتەوە ڕیوایەت نەکراوە،تەنها لەعەرەفە نەبێت،ئەویش بۆ بەردەوامی وەستان و دوعا کردن بوە،وەك پێشەوا (شافعی) دەفەرموێت

وەپێشەوامان واتە : ابن تيميه (زاد المعاد)1/63 .

هەروەها (إبن تيمية)دەفەرموێ(وأما الجمع فإنما كان يجمع في بعض الأحيان إذا جد به السير وكان له عذر شرعي كما جمع بعرفة ومزدلفة ،وكان يجمع في غزوة تبوك أحياناً) واتە :بەلام كۆكردنەوەی پێغەمبەر ﷺ بۆنوێژەكان ،لەهەندێ شوێندا نوێژی كۆدەكردەوە لە كاتی ڕۆیشتندا ،یان عوزرێكی شەرعی هەبوایە.وەك كۆكردنەوەی لە عەرەفەو موزدەلیفە.هەروەها لە غەزای تەبوك جار جار نوێژی كۆدەكردەوە. هەروەها دەفەرموێ : (وأما الجمع فإ نه رخصة عارضة ومن سوى من العامة بين القصر والجمع فهو جاهل بسنة رسول ﷺ وباقوال علماء المسلمين ،فإن سنة رسول الله ﷺ فرقت بينهما والعلماء إتفقوا على أن أحدهما سنة وإختلفوا في وجوبه وتنازعوا في جواز الأخر فإين هذا من هذا)واتە :كورت كردنەوەی نوێژ وەك كۆكردنەوە نیە.بەڵكو كورت كردنەوە سوننەتێكی بەردەوامە.بەلام كۆكردنەوە مۆڵەتێكی كاتیە وەهەركەسێك هەردوكیان بەیەك حوكم بزانێ ئەوە نەزانە بە سونەتی پێغەمبەر ﷺ و بەوتەی زانایانی ئیسلام چونكە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ هەردوكیانی لەیەك جیا كردوەتەوە .زانایانیش یەك دەنگن كەوا یەكێكیان -واتە كورت كردنەوە- سونەتەوجیاوازیان هەیە لە واجب بونیدا وە جیاوازیان هەیە لە كە كامیان دروستە- واتە كۆكردنەوە- جا ئەمە لە كوێ و ئەوە لە كوێ؛ (مجموعة الفتاوى)20/44.

كەواتە هەتاكو عوزرێكی شەرعی نەبێت دروست نیە نوێژ لەسەفەردا كۆ بكرێتەوە.هەمو ژیانی پێغەمبەر ﷺ نەبوە كۆكردنەوەی نوێژ لە سەفەردا بەبێ عوزر وە ئەو فەرمودانەی خەڵكی دەیانكاتە بەڵگە بۆ ئەم مەبەستە لە ڕاستیدا ئەمانە بەڵگە نین بۆ كۆكردنەوە.یان غەزای تبوكە كەئەوە غەزایە یان موزدەلیفەیە ئەوەشیان مەوسیمی حەجەو بۆ لابردنی نارەحەتیە.سەیری (مجموعة الفتاوى)24/20-25، وە (زاد المعاد)1/463.بكە

حەقیش بەبەڵگەی بەهێزە نەك بەڕیز كردنی وتەی زانایان پێغەمبەریش ﷺ

دەفەرموێ(صلوا كمارأيتموني أصلي)واتە: بەو شێوەیە نوێژ بکەن کەمن کردومە.ئەوەش ژیانی پێغەمبەر ﷺ ڕون و ئاشکرایە کەوا کۆکردنەوە لەسەفەر بەبێ عوزر نەبوە،وە بۆ شارەزا بون لەم خاڵە بگەڕێوە سەر ئەم سەرچاوانەی کەوا لە پێشەوەدا ئاماژەم پێکردن.

شەشەم/ئەگەر کەسێك نوێژی کۆکردبێتەوە و پاشان جەماعەت بکرێت:

ئەم خاڵە زۆر جار دەبینین کە قامەت دەکرێت لەدواوە دەنگەدەنگ و جۆرە تەشویشێك دەبیستین لەلایەن هەندێك موسڵمان کەئایەن بۆ ریزی جەماعەت ، بەبەڵگەی ئەوەی کە گوایە نوێژیان کۆکردوەتەوە،بەڵام لەڕاستیدا سوننەت وەها نیە،بەڵگەی سوننەت وەهایە ئەو جۆرە کەسانە بەنیەتی نوێژی سوننەت لەگەڵ جەماعەتدا نوێژەکەیان بکەنەوە،ئەگەرچی نوێژیشیان کۆ کردبێتەوە لەماڵەوەبێت یان لەهەرشوێنێکی تر.،

پێشەوا أحمد دەگێڕێتەوە کە پیاوێك لە بەنی(هذیل)وتی:نوێژی نیوەڕۆم لەماڵەوە کرد،پاشان چومە دەرەوە لەبەر حوشترەکانم کە بیدەم بە شوانێك تێپەڕیم بەلای پێغەمبەر ﷺ و نوێژم لەگەڵیدا نەکرد کە نوێژی نیوەڕۆی بۆ خەڵکی دەکرد،کاتێك کە حوشترەکانم دایەشوانەکە،گەڕامەوە ،ئەوەیان بۆ پێغەمبەر ﷺ گێڕایەوە ئەویش پێی فەرموم : (مامنعك يا فلان أن تصلى معنا حين مررت بنا،قال :قلت:يارسول الله ﷺ اني قد صليت في بيتي قال:و إن) پێغەمبەر ﷺ فەرموی: فلانەکەس چی وای لێکردی کەنو.

یژمان لەگەڵدا بکەی کاتێك بەلاماندا تێپەڕی؟ وتی:ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من لەماڵەوەنوێژم کردبو.فەرموی:ئەگەر نوێژیشت کردبێت.فەرمودەکەش (حسن)ەبڕوانە (المسند الصحیح)426/2.هەروەها پێشەوا (أحمد) دەگێڕێتەوە لە (یزید)ی کوڕی (أسود) کە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ نوێژی بەیانی کرد،کاتێ

پێغەمبەرﷺ نوێژەکەی تەواو کرد دوپیاو نوێژیان نەکرد، پێغەمبەریش ﷺ هەردوکیانی بانگ کردو هەر دوکیانیان هێنا ،ئەوانیش لەترسان گیانیان دەلەرزی پێغەمبەر ﷺ پێیانی فەرموەچی وای لیکردن کەوا نوێژمان لەگەڵدا بکەن ؟ئەوانیش وتیان: لە شوێنەکانی خۆمان نوێژمان کردوە، پێغەمبەریش ﷺ فەرموی: وامەکەن. (فلا تفعلا اذا صليتما في رحالكما ثم أدركتم الإمام ولم يصل فصلا معه فإنه لكما نافلة) واتە:ئەگەر نوێژتان لە شوێنەکانی خۆتان کردبو، دوایی فریای نوێژی ئیمام کەوتن نوێژبکەن لە گەڵیا ،بۆتان بەسوننەت دەنوسرێت) رواه أحمد والترمذي وأبو داود والنسائي وابن حبان ،بڕوانە(سبل السلام)36/2،فەرمودەی ژمارە 428).

کەواتە نوێژە فەرزەکە دوبارە ناکاتەوە بەڵکو بەنیەتی سوننەت نوێژەکە دەکات لەگەڵ جەماعەتدا، هەروەك چۆن لەسەفەر گەڕایەوە ،کاتی نوێژەکەی مابو کەلەسەفەرەکەیدا بە(تقديم)کۆی کردۆتەوە ،یان عیشای کۆکردۆتەوە، لەبەر باران و دوایی لە کاتی عیشادا باران نامێنێ یان نیوەڕۆ نەخۆشەو بۆ عصر چاك دەبێتەوە، لەهەمو ئەم حاڵەتانەدا نوێژە فەرزەکەی دوبارە ناکاتەوە کە بە(جمع)کردویەتی لەبەر عوزرێك بەڵام لگەڵ جەماعەتدا نوێژەکە دەکات کە کۆی کردبۆوە بە نیەتی سونەت .(فقه السنة)292/1.بکە.

کەواتە : کردنی جەماعەت بە نیەتی سوننەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وەکو سوننەتێك فەرمانی پێ کردوە، بەڵام دوبارە کردنەوەی نوێژی فەرز دروست نیە، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ (لاتعاد الصلاة مرتين) واتە: نوێژی فەرز دوجار دوبارە ناکرێتەوە، رواه أبو داود والنسائي) سەیری (مجموعة الفتاوى) بکە.149/23.وە (المدونة الكبرى)78.0/1(تەنیا نوێژی جەنازە بۆت هەیە دوبارەی بکەیتەوە، بڕوانە (صحيح البخاري). سەیر (مشكاة المصابيح 362/1-364 باب من صلى صلاة مرتين)

حەوتەم/ نوێژی نیوەڕۆ بەدوای عصرەوە یان بە پێچەوانەوە:

لە فەرمودەی (صحیح) دا هاتوە ،وەك فەرمودەكەی (معاذ)ی كوڕی جبل .كە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ نوێژی عیشای‌كردوە پاشان دەگەڕایەوە بۆ قەومەكەی دەبوە ئیمام ئەم سوننەتی دەكردو خەڵكەكەش بەدوایەوە فەرزی دەكرد،هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (يكون بعدي أمراء يؤخرون الصلاة عن وقتها فصلوا الصلاة لوقتها ثم اجعلوا صلاتكم معهم نافلة)واتە: دوای من چەند ئەمیرێك پەیدا دەبن كە نوێژ دوا دەخەن لەكاتەكەی خۆیدا جا ئیوە نوێژەكە بكەن لە كاتی خۆیدا ، پاشان لەگەڵ ئەواندا نوێژەكانتان وەكو سوننەت بكەن. پێشەوا (مسلم) ریوایەتی كردوە.

هەروەها ئەو فەرمودانەی كەلە خاڵی پێشەوەدا باسمان كردن بەڵگەن بۆ ئەمانە لێرەشەوە دەگەینە ئەوەی كە جیاوازی نیەت دروستە لەگەڵ ئیمامدا ،وە فەرمودەی (إنما جعل الإمام ليؤتم به فلا تختلفوا عليه) واتاكەی بەم شێوەیە : ئیمام بۆیە دانراوە كەوا شوێنی بكەوْن و جیاوازی لەگەڵدا دروست مەكەن پێشەوا بخاری ریوایەتی كردوە ئەم فەرمودەیەش بەڵگە نیە كە دروست نی‌یە جیاوازی نیەت ئەبێت لەبەر ئەو فەرمودانەی كەباسمان كرد.بەڵكو مەبەستی فەرمودەكە ئەوەیە كە (شیخ الإسلام) دەفەموێت: (والإختلاف المراد به الإختلاف في الأفعال كما جاء به مفسراً والا فيجوز للمأموم أن يعيد للصلاة فيكون متنفلاً خلف المفترض كما هو قول جماهير العلماء)واتە: ئەو جیاوازیەی كە لە فەرمودەكەدا هاتوە ،مەبەستی لە جیاوازی لەكارەكان(الأفعال)ی نوێژداوەك بەڕونی هاتوە،چونكە بروستە نوێژی سوننەت بكات بەدوای كەسێكەوە كە نوێژی فەرز دەكات ئەمەش وتەی جەماوەری زانایانە.هەروەها (ابن تيمية)دەفەرموێ : (فقد ثبت صلاة المتنفل خلف المفترض في عدة أحاديث) (مجموعة الفتاوى)217/23.وثبت أيضاً بالعكس ،فعلم ان

موافقة الإمام في نية الفرض أو النفل ليس بواجبة ،والإمام ضامن وان كان متنفلاً ومن هذا الباب صلاة العشاء الأخيرة خلف من يصلي قيام رمضان يصلي خلفه ركعتين ثم يقوم فيصلي ركعتين ،فاظهر الأقوال جواز هذا كله...) (مجموعة الفتاوى 218/23).واته:كەوابو دروستە کەسێك نوێژی سوننەت بەدوای ئیمامێکەوە کە نوێژی فەرز بکات ،ئەمەش لەچەند فەرمودەیەك دا هاتوە و (ثابت)ە ھا روەھا بە پێچەوانەوە فەرمودەی لەسەرە بەم شێوەیە رون دەبێتەوەو دەزانرێ هاوتا بونی ئیمام لەنیەتی نوێژی فەرزیان سونەت دا واجب نیە ،ئیمامیش زامنە لەئەرکی سوننەت بکات هەرلەم باسەشە نوێژی عیشا بەدوای کەسێکەوە کە تەراویح دەکات و دوای ئەوان دو رکاتە کە تەواو دەکات ،رونترین وتەی زانایان ئەوەیە کەوا هەموی دروستە ،ئەمەش بۆ چونی پێشەوا (شافعی) و (أحمد)ە لەوتەیەکیدا،سەیری مجموعة الفتاوى 219/23بکە.

پێشەوا (إبن قدامة)لە(المغنی)دا دەفەرموێ : (فصل:فإن صلى الظهر خلف من يصلي العصر ففيه أيضاً روايتان ،نقل إسماعيل بن سعد جوازه ،ونقل غيره المنع..) واتە : ئەگەر کەسێك نوێژی نیوەڕۆی بەدوای کەسێکەوە کرد کە نوێژی عصری دەکرد ئەوا لەرێڕەوی پێشەوا أحمد دا دو ریوایەتی لەسەرە ئسماعیلی کوری سعد ئەقلی کردوە کە جائیزە ، غەیری ئەمیش ئەقلی ئەمەیان کردوە کە ئەم حاڵەتە ئابێت و دروست نیە ..بڕوانە (المغنی مع الشرح الکبیر)54-53/2

وە هەر لەم بارەشەوە لیژنەی فەتوای سعودی فەتوایەکی هەیە،فەتوای ژمارە (3498) کورتەی پرسیارەکەی ئەوەیەکە کەسێك هاتوە بۆ (حرم)بۆ (طواف)و نوێژی نیوەڕۆی دوا خستوە بۆلای عەسر،وە کاتێك هاتوەتە ژورەوە،بۆ (حرم)بۆ (طواف) کاتی نوێژی عەسر هاتوە و قامەتیان کردوە بۆ نوێژی عەسر ،ئەمیش بواری ئەبوە بڕواتە دەرەوە و خۆی تەنیا نوێژەکەی بە(قسروجمع)بکات ،نوێژەکەی نیوەڕۆو عەسری لەگەڵ جەماعەت کردوە،بەم شێوەیە دورکاتی لە جیاتی نیوەڕۆیو دورکاتی لە جیاتی عەسر،بەڵام دەڵێت کاتێك لە ئیشەکەی خۆم

بومەوە،چونە دەوری (حرم) نوێژەکەم بە (قصر و جمع)کردووە،ئایا حوکمی ئەو نوێژەی کە لەگەڵ جەماعەتدا کردومە چیە بەم شێوەیە؟

کورتەی وەڵام : ئەو نوێژەی بەم شێوازە کردوتە دروست نیە ...بەڵام باشتر وابو بۆت لە حاڵەتێکی ئاوادا کە نوێژت لەگەڵ جەماعەتدا بکردایە واتە نوێژی نیوەڕۆ پاشان بە تەنها نوێژی عەسرت بکردایە بە(قصر)..وبالله التوفيق ،سەیری (فتاوى اللجنة الدائمة) بکە130/8.

کەواتە ئەگەر فەرزو سوننەت بەدوای یەکەوە دروست بێت ئەولاترە کەوا کە دونوێژی فەرز بەدوای یەکەوە بکرێن لەگەڵ جیاوازی نیەتدا بەمەرجێك نوێژەکە لە نوێژی کەمتر نەبێ وەك کەسێك بیەوێ دورکات بەدوای ئیمامێکەوەبکات کە ئەو چوار رکات بکات .بۆ زیاتر تێگەیشتن سەیری خاڵی (10) بکەلەباسی کورت کردنەوەی نوێژدا....

هەشتەم/ پێش خستنی نوێژی عەسر لە پێش نیوەڕۆدا یان عیشا لە پێش مەغریبدا :

پێشەکی پێویستە بزانین کەوا تەرتیبی نوێژەکان واجبە ،وە نابێت ئەگەر بەتەنها نوێژت کرد لە لەکۆکردنەوەدا یەکێکیان پێش بخەیت لەکاتەکەی خۆی وەك عیشا لە پێش مەغریبدا ،بەڵام ئەگەر هاتی بۆ مزگەوت ونوێژی نیوەڕۆت دوا خستبو بۆلای عەسر ،لەوکاتەشدا قامەت کرا بۆ عەسر چی دەکەی ؟هەندێك لەزانایان دەفەرمون نوێژی عەسر دەکەی وە پاشان نوێژی نیوەڕۆ دەکەی ،ئەوەی واشی کرد لەلای زانایان بەتایەتی پێشەوا أحمد دو بۆچون هەیە :بۆ چونی یەکەم ئەوەیە کە تەرتیبەکە تێك دەدەیت پاشان نوێژەکەی کە پێشت خستوە (واتە عەسرەکە یان عیشاکە)دەبێت دوبارە بکەیتەوە،وەڕاستیش وایە کە دوبارەی ناکەیتەوە،سەیری فەتوای (عثيمين) بکە. بەلام بۆ چونی دووەم ئەوەیە کە نیەتی نیوەڕۆ لە گەڵ عەسرەکەی ئەواندا دەهێنی ،چونکە رکاتەکانیان بەقەدەر

یەکن،کە ئەم نوێژەشت تەواو کرد،نوێژی عەسر بەتەنیا ئەکەی،بەڵام ئەگەر هاتیتە مزگەوت و لەکاتی نوێژی مغربدا نوێژی عیشا کۆدەکرایە ومتۆش مغربیت نەکردبو،لەم حاڵەتەشدا چەند بۆ چونێکیان هەیە زانایان ،شیخ (محمد بن صالح العثیمین) بۆ چونی وایە کە لەگەڵ عیشادا مغریب دەکەی ،بەڵام لە رکاتی سێیەمدا سەلام دەدەیتەوە،لە ڕاسیدا ئەم بۆ چونە ڕاست نیە،بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێت (إنما جعل الإمام لأتم به،فلا تختلفوا عليه) واتە: پێچەوانەی ئیمام مەکەن،مەبەست بەو پێچەوانە نەکردنە ،پێچەوانەکردنی ئیمامە لەکارەکاندا.(مجموعة الفتاوى)217/23.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : (أيها الناس اني امامكم فلا تسبقوني بالركوع ولا بالسجود ولا بالقيام ولا بالإنصراف)پێشەوا مسلم ریوایەتی کردوە.واتە: ئەی خەڵکینە من ئیمامی ئێوەم،نە بە رکوع و نەبە سجود و نەبە هەڵسان نەبە سەلام دانەوەش ،پێش من مەکەون پێشەوا نەوەوی دەفەرموێ (والمراد بالإنصراف السلام) سەیری شەرحی (صحیح المسلم) بکە599/2.فەرمودەی ژمارە(426) هەروەها (ابن ضويان) دەفەرموێ :هەرکەسێك رکوعی برد یان سجود یان سەری بەرزکردەوە بە عەمدی پێش ئیمام پێویستە بگەڕێتەوە بۆشوێنی خۆی ،بۆ ئەوەی لەگەڵ ئیمامدا نوێژ بکات ،ئەگەر نەگەڕایەوە لەسەری بەردەوام بو ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە ،سەیری (منار السبيل) بکە 169/1.ئەمەش بۆ چونی جەماوەری زانایانە،هەروەها ئەم جۆرە نوێژە لای (مالك)یەکان و(حەنەفیە)کان وپێشەوا (أحمد) بەتاڵە ،لە(مذهب)ی (شافعی)نەبێت لەگەڵ وتەیەکی پێشەوا (أحمد) واتە:لای جەماوەری زانایان بەتاڵە،سەیری (مجموعة الفتاوى)بکە220/23.

کەواتە باشتر وایە نوێژی مغریب بەتەنها بکات،پاشان ئەوا چەند فریا بکەوێت نوێژەکەی عیشا تەواو بکات،چونکە دروستە لە کاتی نوێژی فەرز نوێژی فەرزی تریکرێت بە تەنها،وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (اذا أقيمت للصلاة فلا صلاة الا

المكتوبة) رواه الجماعة الا البخاري. واته : ئەگەر قامەت كرا بۆ نوێژ نوێژ نیه مەگەر نوێژی فەرز نەبێت، كەواته دروسته نوێژی فەرز بكرێت لەكاتێكدا كه نوێژی فەرزی تر دەكرێت،دوایش چەند فریا بكەویت نوێژەكه تەواو دەكەیت كەواته تەرتیبی نوێژ تێك ناچێت وتێك نادرێت،چونكه (توقیف)یه واته :بەبەلگه نەبێت كەس بۆی نیه به بۆچون پاش و پێشی بخات،بۆ باشتر شارەزابون لەمه سەیری (أضواء البیان)بكه 248/4،و(فتاوی اللجنة الدائمة)139-130/8 و(المغنی مع شرح الكبیر)54-53/2بكه. پێغەمبەر دەفەرموێ ﷺ : (اذا اقیمت للصلاة فعلیكم بالسكینة ولا تسرعوا فما ادركتم فصلوا وما فاتكم فاتموا) واته : ئەگەر قامەت كرا بۆ نوێژ له سەر خۆ بێن بۆ مزگەوت و پەله مەكەن چەند فریاكەوتن بیكەن و چەندتان له دەست چو بیكەنەوه) كەواته ئەگەر بۆ هاتنی مزگەوت كه سونەتێكه چەند ركاتێكت له دەست بڕوا دروست بێ ئەولاتره نوێژێكی فەرز له كاتی خۆیدا بكەیت با جەماعەتیش بكرێت بۆ ئەوەی تەرتیبی نوێژەكان تێك نەدەیت كەواته ئەگەر قامەت كرا بۆ عیشا تۆش مەغریبت نەكردبو نوێژی مەغریب بكه دوایی چەند فریا كەوتی تەواوی بكه . والله اعلم.

نۆیەم/ نێوانی نوێژەكان لەكاتی كۆكردنەوەدا :.

رای (شافعیه)كان و(حنبەلیه)كان وایه كه واجبه نێوان نەبێت له نێوانی ئەم دو نوێژەدا كه كۆدەكرێتەوه،بەلام ڕاستر وایه كه له نێوان نوێژەكاندا لەكاتی كۆكردنەوەدا دروسته نێوان هەبێت ،چونكه كۆكردنەوەی نوێژ بۆ لابردنی نارحەتیه،چۆن نەبێت بەشتێكی نارحەت نەبێت ،ئەوا كۆكردنەكه نەبێت ،ئەوه قورس كردنی دینه بۆیه (شیخ الإسلام)دەفەرموێت : (والصحیح أنه لا یشترط الموالاة بحال لا في وقت الأولى ولا في وقت الثانیة فإنه لیس في ذلك حد في الشرع ،ولأن مراعاة ذلك یسقط مقصود الرخصة) واته : ڕاستر ئەوەیه كەوا مەرج نیه نێوان نوێژەكان هیچ شتێك نەبێ ،نەلەكاتی یەكەمدا وەنه لەكاتی دوەمدا، چونكه هیچ شتێك لەو بارەوه دیاری نەكراوه له شەرعدا ،وه دیسان پاراستنی ئەم نێوانه ـ

بەوەی کە بەین وماوە نەبێت لەنێوان دو نوێژە کۆکراوەکەدا مەبەستی ئاسان کاریەکە لەدەست دەدرێت، هەروەها دەفەرموێت: (ومعلوم أن مراعات هذه الأشياء من أصعب الأشياء علماً وعملاً ،وهو يشغل قلب المصلي عن مقصود الصلاة، الجمع شرع رخصة دفعاً للحرج عن الأمة ،فكيف لايشرع الا مع حرج شديد ومع ماينقض مقصود الصلاة) (مجموعة الفتاوى) 35/24. واتە: ئاشکرایە دەست گرتن بەوەوە واتە: کورتی نێوان نوێژەکان قورس ترین شتە و زانیاری پێی و نیەت کردن پێی

کۆکردنەوەش دانراوە بۆ ئاسان کاری و لابردنی ناڕحەتی لەسەر ئوممەت ،جا چۆن دروست نیە تەنها لەگەڵ ناڕحەتی

زۆردا نەبێت، وەلەگەڵ دژی مەبەستی نوێژدا بەڵام پێویستە ئەوەی بزانین پێغەمبەر ﷺ سوننەتی لە نێوان دو نوێژ دا کە کۆی کردونەتەوە نەکردوە ، هەروەها وەکو باسمان کرد مەرج نیە دەبێ نیەتی کۆکردنەوە لەکاتی نوێژی یەکەمدا

نیەت بهێنی ئەوەیە ئاگەیەنێ کە زیادە ڕەوی تیادا کرێت واتە لە کاتی کۆکردنەوەدا لە سنور دەربچین بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە (صلاة) واجب نیە،تەنها لەبەر ئیشی پێویست نەبێت لە (عبدالله)ی عباسەوە کە دەفەرموێ (ان النبي ﷺ يصلى المغرب والعشاء بالمزدلفة جميعاً لكل واحدة منها بإقامة ولم يسبح بينهما ولا على أثر واحدة منهما)رواه البخاري. واتە: پێغەمبەر ﷺ نوێژی (مغرب و عیشا)ی کۆدەکردەوە لە موزدەلیفە وەبۆ هەر نوێژێکیان قامەت کرا ، وسنەتێکی لەنێوانیادا نەکردوە بەدوای هیچیان سوننەتی نەکردوە وەهەروەها ئەم فەرمودە هەیە ،کە بەڵگەیە

لەسەر بونی نێوان و بەین لەنێوان ئەو دو نوێژە کە کۆدەکرێتەوە ،فەرمودەکەش ئەوەیە (ان النبي ﷺ لما جاء المزدلفة نزل فتوضا فاسبغ الوضوء ثم أقيمت الصلاة فصلى المغرب ثم أناخ كل انسان بعيره في منزله ثم أقيمت العشاء فصلها ولم يصل بينهما شيئاً)کەواتە: دروستە چەند ئیشێک بکەیت لەنێوان هەردو نوێژدا هەروەها

عبد الله كوری مه‌سعود له نێوان نوێژی مه‌غریب و عیشادا نانی خواردوه) سه‌یری ترتیبی مسندی امام احمد بکه 145/13 فتح الباری له‌گه‌ڵ صحیح المسلم له حاشیه‌کانیاندا ه‌/وه‌ها سه‌یری مسائل فی الفقه‌المقارن بکه 179/1 به‌لام ته‌رك کردنی سوننه‌ت کۆڕای زانایانی له‌سه‌ره له موزده‌لیفه (نقل ابن المنذر الإجماع على ترك التطوع بين الصلاتين بالمزدلفة) بڕوانه (نيل الأوطار)233/3،و(الثمرات الجياد) ص 164

ده‌یه‌م/ ئایا دوای نوێژی (جومعة)نوێژی عه‌سری له‌گه‌ڵدا کۆده‌کرێته‌وه؟

ابن باز هه‌روه‌ها شیخ (ابن عثیمین) ره‌حمه‌تی خوایان لێبێ بۆچونیان وایه که له‌دوای نوێژی (جمعه)وه ناتوانیت نوێژی عه‌سری له‌گه‌ڵدا کۆبکه‌یته‌وه چونکه نوێژی (جمعة) نوێژێکی سه‌ربه‌خۆیه به‌لام؛ (أصل) تیایدا وایه‌که کۆکردنه‌وه‌ی نوێژی جمعه دروسته له‌گه‌ڵ نوێژی عه‌سردا‌ئه‌گه‌ر عزرێك هاته پێشه‌وه له‌به‌ر پاراستنی نوێژی عه‌سر چونکه خوای گه‌وره ئه‌فه‌رموێ (حافظوا على الصلوات والصلاة الوسطى) زانایانی تفسیر ئه‌فه‌رمون(صلاة الوسطى) نوێژی عه‌سره هه‌روه‌ها ئه‌و فه‌رموده‌یه‌ی پێغه‌مبه‌ر ﷺ؛ (اذا حضر أحدكم الأمر الذي يخشى فوته فليصل هذا الصلاة) (صحيح الجامع)ص487.النسائی 287/1.

واته؛ ئه‌گه‌ر یه‌کێکتان ئیشێکی هاته پێشه‌وه ترساله‌وه‌ی که‌وا نوێژه‌که‌ی ده‌فه‌وتێ ئه‌وا با ئه‌و نوێژه‌بکات . واته کۆکردنه‌وه‌ی نوێژ. ئه‌م ده‌قه‌ش گشتی و (عامة) وه‌کو خۆی ده‌مێنێته‌وه مه‌گه‌ر به‌ڵگه‌یه‌ك هه‌بێت تایبه‌تی بکات به (جمعة) وه پاشان که پێغه‌مبه‌ر ﷺ نه‌یکردوه به‌ڵگه نیه چونکه وه‌ك زانایانی (أصول)ده‌فه‌رمون؛ (السكوت في معرض البيان بيان)واته؛بێ ده‌نگی له کاتی رون کردنه‌وه‌دا ،رون کردنه‌وه‌یه،که‌واته ئه‌گه‌ر پێغه‌مبه‌ر ﷺ نه‌هی لێ بکردا ئه‌وه نه‌هی لێ ده‌کرد.وه‌هه‌روه‌ها له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که ئاسان کاری پێویسته

بەهەموونوێژەکانەوە بۆ نموونە پێغەمبەر ﷺ بۆ نوێژی شەو و نوێژی ڕۆژ لەبارانانەدا جیاوازی نەکردووە.بۆیە (عبدالله)ی کوڕی

عومەر فەرمانی بەبانگدەرەکە کرد کەوا لەماڵەوە نوێژ بکەن.(ان ابن عمر اذن بالصلاة في ليلة ذات برد وريح فقال الاصلوا في رحالكم ،ثم قال كان رسول الله ﷺ يامر بالمؤذن اذا كانت ليلة باردة ذات مطر يقول الا صلوا في رحالكم) واتە :عبدالله ی کوڕی عمر بانگی دا بەنوێژکردن لە شەوێکی سەرماو بادا وفەرمووی :لەماڵەوە نوێژ بکەن . پاشان فەرمووی: پێغەمبەر ﷺ فەرمانی دەکرد بەبانگ دەر لە شەوێکی سارد و باراناویدا دەیفەرموو:لەماڵەوە نوێژ بکەن . پێشەوا مسلم ریوایەتی کردووە799/2.فەرموودەی ژمارە (679).

بەهەمان شێوە لەڕۆژی (جمعة) دا پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردووە کە شوێنەکانی خۆتان نوێژ بکەن (عن عبد الله بن عباس): (انه قال لمؤذن في يوم مطير إذا قلت : أشهد أن لا اله الا الله ،أشهد أن محمداً رسول الله ،فلا تقل حي على الصلاة قل :صلوا في بيوتكم .قال: فكان الناس إستنكروا ذلك فقال أتعجبون من ذا ؟ قد فعل من هو خير مني إن الجمعة عزمة واني كرهت أن أخرجكم فتمشوا في الطين والدحض) واتە : عبد الله کوڕی عباس لە ڕۆژێکی باراناویدا فەرمووی بەبانگدەرێک ئەگەر وتت (أشهد أن لا اله الا الله أشهد أن محمداً رسول الله) مەڵێ (حي على الصلاة) بەڵکو بڵێ (صلوا في بيوتكم) واتە : لەماڵەکانتان نوێژ بکەن .وەک بڵێت خەڵکی بەلایانەوە سەیر بوو .وە بەباشیان نەزانی (عبد الله) ی کوڕی عەباسیش فەرمووی : (ئێوە بەلاتانەوە سەیرە ئەمەی کە من کردم بەڵام یەکێک وای کرد کە لەمن باشترە .نوێژی (جمعة) حەتمەن واجبە بەڵام پێم ناخۆش بوو لە قوڕو چڵپاودا بێن بۆ نوێژ (مسلم)ریوایەتی کردووە.(شرح صحيح مسلم)ج800/2 فتح الباري ج42/3.جا ئەگەر پێغەمبەر ﷺ جیاوازی شەو ڕۆژی نەخستبێ ـ لە ئەحکامدا. جا چ (جمعة)بێ یان نوێژی تر ئەوا ئەولا ترە کە نوێژی عەسر کۆبکرێتەوە بەڵام سەبارەت بەدواخستنی (جمعة) بۆلای عەسر لەکاتی

نیشتەجێبیدا بەبێ (عذر) تەرك ناكرێت لەبەر گەورەیی نوێژی جمعە مەگەر عوزرێكی هەبێت ئەوا لەگەڵ عەسردا نوێژی نیوەڕۆ دەكات ئەك جومعە وەك عبد الله ی كوڕی مسعود دەفەرموێت: (من فاتته الركعتان فاليصل أربعاً) رواه إبن أبي شيبة والطبراني نقلاً عن القول المبين 320.بەم شێوەیە بۆمان ڕون بویەوە كە دروستە كۆكردنەوەی نوێژی عەسر لەگەڵ جومعەدا .

یانزەهەم/نوێژی جومعة لەسەر (مسافر) :

هەندێ لە زانایان بۆچونیان وایە كە نوێژی جومعە تەنانەت لە سەر موسافریش واجبە ئەوەش بۆچونی (ظاهریەكان)ە چونكە لای (ظاهریەكان) نیشتە جێ بون مەرج نییە بۆ جومعە بەلاَم جەماوەری زانایان و هەرچوار پێشەواكە لەسەر ئەوەن كە جمعە واجب نییە لەسەر موسافر ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ كە لای جەماوەری زانایان نیشتەجێبون مەرجە بۆ جومعە)مسائل في الفقه المقارن 110/1

،ئەم بابەتەش پێویستی بەڕون كردنەوە هەیە ئەویش بەم شێوەیە :.

ئەگەر سەرەتای ڕۆژی جومعە بودروستە (مسافر)سەفەرەكەی بكات ،بەلاَم پێش بانگدان واتە : (زوال)پێشەوا شافعی

دو وتەی لەسەر هەیە ،وتە كۆنەكەی دەڵێت: (دروستە،بەلاَم وتە تازەكەی دەڵێت :دروست نیە وەك دوای بانگ دان وایە

بەلاَم لای پێشەوا مالیك ((أبوالقاسم)) ئەفەرموێ : ((ولا يسافر أحد يوم الجمعة بعد الزوال حتى يصلى ولا باس أن يسافر قبل الزوال والإختيار أن لا يسافر إذا طلع الفجر وهو ماض حتى يصلى الجمعة) واتە: كەس سەفەر ئەكات ڕۆژی جومعە دوای بانگدان تاوەكو نوێژی جومعە ئەكات ،وە قەیدی ناكات ئەگەر پێش بانگدان سەفەر بكات هەڵبژاردەش ئەوەیە كەوا كەس سەفەر ئەكات لە دوای بانگی بەیانیە وە كە ئامادە بێت هەتاوەكو نوێژی جومعە ئەكات .سەیری(زاد المعاد)بكە 371/1.

بێگومان ئەگەر ئیشێکی پێویستی هەبو ئەوا دروستە سەفەر بکات هەروەك (عبد الرزاق)لە (مصنف)ەکەیدا ڕیوایەتی کردوە لە ((ثوري))وە ئەویش لە (أسودی کوڕی قیس) ەوە ئەویش لە باوکیەوە ئەفەرموێت (أبصر عمر ابن الخطاب رجلاً عليه هيئة السفر وقال الرجل :إن اليوم يوم جمعة ولولا ذلك لخرجت ،فقال عمر إن الجمعة لا تحبس مسافراً فاخرج مالم يحن الرواح) (1)بڕوانە (مصنف)ی (عبد الرزاق)5536 (زاد المعاد1/372)،(تحفة الأحوذي)3/54،(فتاوى اللجنة الدائمة) 8/204-208باشتریش وایە ڕۆژی پێنج شەممە سەفەر بکات چونکە (كعب بن مالك) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ: (كان يحب أن يخرج يوم الخميس)بخاری 6/113 .بەڵام ئەگەر زۆر پێویستی بەدەرچون نەبو پێشین بەباشیان نەزانیوە سەفەر بکات وەك (معمر)دەفەرموێت: (پرسیارم کرد لە يحيى ی کوڕی کثیر نایادروستە کەسێك لە ڕۆژی جومعەدا سەفەر بکات ئەویش لە وەڵامدا پێی باش نەبو منیش هەر زیاتر قسەم دەکرد لە گەڵیدا لەو بارەیەوە بۆ ئەوەی کە ڕێم پێبدات ئەویش فەرموی : کەم جار دەبێت کەسێك لە ڕۆژی جومعەدا سەفەر بکات ئیللا توشی شتێك نەبێت کە پێی ناخۆشە لە سەفەرەکەیدا وە ئەگەر دەتەوێت ڕاستی قسەکەی منت بۆ دەر کەوێ ئەوا دەتوانیت تاقی بکەیتەوە. بڕوانە (مصنف)ی (عبد الرزاق)5541وە (زاد المعاد) 1/373،هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (الجمعة على من سمع النداء) رواه أبوداود وغيره بڕوانە (إرواء الغليل 3/58).

دوانزەهەم/ئەگەر کەسێك نوێژەکانی بە(جمع)ی تقديم کرد بۆ کاتی نوێژی دوەم گەڕایەوە شوێنی خۆی:

لەم بارەیەوە پێشەوا (ابن قدامة) لە(المغني)دا دەفەرموێت: (.. وان أتم الصلاتين في وقت الاولى ثم زال العذر بعد فراغه منهما قبل دخول وقت الثانية أجزأته ولم تلزمه الثانية في وقتها، لأن الصلاة وقعت صحيحة مجزئة عن ما في

ذمته وبرأت ذمته منها، فلم تشتغل الذمة بها بعد ذلك، ولأنه أدى فرضه حال العذر فلم يبطل بزواله بعد ذلك كالمتيمم إذا أوجد الماء بعد فراغه من الصلاة ..) (المغني مع الشرح الكبير) 125/2 .

واته، ئەگەر بێت وکەسێك دو نوێژی کۆکردەوە بە پێش خستن (التقديم) واتە، کردنی هەردو نوێژەکە لەکاتی یەکەمیاندا، پاشان ئەو عوزرەی کەئەم کەسە لەبەری نوێژەکانی بۆ کۆکردۆتەوە نەما دوای ئەوەی کەئەم لەهەردو نوێژەکەی بوەتەوە وەپێش، ئەوەی کەکاتی نوێژی دوەم بێت، ئەو کۆکردنەوەیە دروستە، وەپێویست ناکات نوێژەکەی دوەم لەکاتەکەی خۆیدا بکاتەوە، چونکە ئەم کەسە نوێژەکەی کەکردۆتەوە لەکاتی کۆکردنەوەکەیدا بۆی دروست بوە بیکات وکۆیبکاتەوەو ئەگەردنیدا نەماوە، جالەبەر ئەوە نوێژەکەی دوەمی کەکردویەتی بەکۆکردنەوە دا بەزراوەو دروستە، وەدوای ئەوەش کەلەنوێژی دوەم بوەتەوەو پاشان عوزرەکە نەماو، ئەوانە مانی عوزرەکە دوای لێ بونەوەکەی نابێتە هۆیەك بۆ ئەوەی کە نوێژەکەی دوەم هەر لەگەردنیدا بمێنێتەوەو لانەچێت، بۆنمونە، کەسێك کەنوێژەکەی بەتەیەموم دەکات لەبەر نەبونی ئاو، دوای ئەوەی کەلە نوێژەکەی دەبێتەوەو ئاو دەدۆزێتەوە، ئەو ئاو دۆزینەوەیە نابێتە هۆی بەتاڵ بونەوەی ئەو نوێژەی کەکردویەتی ..).

هەر لەم بارەشەوە فەتوایەکی لیژنەی فەتوای سعودی هەیە کەدەڵێت: ئەگەر بێت و (مسافر) نوێژەکانی نیوەڕۆو عەسری کۆکردەوە، هەروەها مەغرب وعیشا، بەپێش خستن (لتقديم) وە پاشان ئەو (مسافر)ە دەگاتە شوێنی خۆی پێش ئەوە کە کاتی نوێژەکەی دوەم بێت، یان دوای ئەوەی کەکاتی نوێژ دوەم هاتوە جا عیشا بێت یان عەسر، ئەوا ئەو نوێژەی کەئەم (مسافر)ە کردویەتی - واتە کۆکردنەوەی نیوەڕۆو عەسر یەغرب عیشا بە(التقديم) - دروست وتەواوە، لەبەر ئەوەی کەکاتێك کۆی کردۆتەوە بەعوزرێکی شەرعی کۆی کردۆتەوە کە ئەویش سەفەرە ..) وبالله التوفيق (فتاوى اللجنة الدائمة) 137/8 .

تێبینی/ ئەگەر کەسێك ترسی دەسەڵاتدارێکی ستەمکاری هەبو بۆی هەیە (جمعە) نەکات، ئەو ستەمکارەش موسڵمان بێت یان کافر، ئەم حوکمە تیایدا یەکسانە (شیخ الاسلام) دەفەرموێت: (وتسقط الجمعة عمن یخاف بحضوره فتنة إذا لم یکن ظالما) (الفتاوی المصریة) ص 79

واتە: (جمعة) لادەچێت لەسەر کەسێك بزانێت ئەگەر بڕوات تووشی فیتنە دەبێت بەو مەرجەی خۆی ستەم کار نەبێت .

وصلی الله علی نبینا محمد وعلی آله وصحبه وسلم.

پێرستی بابەتەکان